# گرنگترین ئەو شۆرش و ڕاپەڕینانەی بە پاڵنەری ئابووری ڕوویانداوە لە سەردەمی یەکەمی عەباسیدا (١٣٢-٢٣٢ھ/ ٧٥٠-٨٤٦ م)

# اهم الثورات والانتفاضات التي حدثت بدوافع اقتصادية في العصر العباسي الاولى (١٣٢-٢٣٢ک/ ٧٥٠-٨٤٦ز)

# The Most Important uprisings and revolutions that motivated by economic factor In the first era of Abbasi's ruling [132-232 AH\ 750-846 AD]

ئارام سلام محمد[١] ، صالح أمين عزيز[٢]
[١,٢] بەشی مێژوو،کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتی یەکان ،زانکۆی هەڵەبجە ، شاری هەڵەبجە ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: aram.smhima2019@uoh.edu.iq

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، سەربوردێکی خێرای ئەو شۆرش و ڕاپەڕینانەی سەردەمی یەکەمی عەباسییە، لە ماوەی ساڵانی (١٣٢-٢٣٢ھ/ ٧٥٠-٨٤٦ م)دا، کە هۆکاری ئابووری بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ پاڵنەری سەرهەڵدانیان بوون، ئەگەر شۆرش و ڕاپەڕینەکانی ئەو قۆناغە زیاتر شرۆڤەی سیاسی و ئاینیان بۆکرابێت، ئەوا دۆزینەوەی کێشەی ئابووری گریمانەیەکی گرنگی سەلماندنی بزوێنەری ئەم بزاوتانە بوون.

گرنگە بتوانین بە دیدێکی نوێ خوێندنەوە بۆ شۆرش و ڕاپەڕینەکان بکەین و بنکوڵی سەرچاوەکان بکەین هەتا بتوانین بگەین بە گریمانەی فاکتەری ئابووریی کە مەبەستی توێژەرە میتۆدی شیکاری مێژویی بەکار هێنراوە لەم توێژینەوەدا، باس لە چەند ناوچەیەکی جوگرافی جیاوازی ژێر دەستی خیلافەی عەباسی کردووە، ئەوەی ڕوونە لە هەر شوێنێک شۆرش و ڕاپەڕین ڕوویدابێت لە ئەنجامی زۆری و زیادکردنی باجەکان و شێوازی وەرگرتن و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی خیلافەوە بووە.

وشە کلیلیەکان: عەباسی، ئابووری، شۆرش و ڕاپەڕین، باج.

## ملخص

يعد هذا البحث نضرة سريعة للثورات والانتفاضات في العصر العباسي الأول، خلال الفترة (١٣٢-٢٣٢ھ/٧٥٠-٨٤٦م)، والذي يعد أن اقتصاد كان سببا رئيسا لاندلاعها سواء أكان سببا مباشرا ، أو غير مباشر ، فإذا كانت الثورات والانتفاضات في تلك المرحلة قد تم شرحها سياسيا ودينيا، فإن إيجاد المشكلات الاقتصادية كان فرضية مهمة لإثبات محرك هذه الحركات.

من المهم أن نكون قادرين على قراءة الثورات والانتفاضات بطريقة جديدة لكي نتمكن من الوصول فرضية أن العوامل الاقتصادية هي السبب الرئيس وراء الثورات، لقد استخدم المنهج التحليلي التاريخي في هذا البحث، حيث تناول البحث بعض المناطق الجغرافية الخاضعة للسلطة العباسية، ومن الواضح أنه أينما اندلعت ثورة وانتفاضة، فقد كانت نتيجة لزيادة الضرائب، وكيفية أخذها وطريقة تعامل مسؤلي الخلافة .

**الكلمات المفتاحية:** العباسي، الاقتصاد، الثورة والانتفاضة، الضرائب

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10486 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٢٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aram.smhima2019@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ ئارام سلام محمد، پ.ی.د. صالح أمين عزيز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

Abstract

This research is a quick record of those revolutions and uprisings, which happened in the first era of Abbasi's ruling, during [132-232 AH\ 750-846 AD] that motivated by economic factor directly or indirectly. If those revolutions and uprisings purely analyzed by politics and religion glasses, economic factor would be other side of the coin that took part in those movements.

It's crucial for us as researchers to study and analyze these movements in a new way and attitude to reach the research's desired purpose, which is the economic factor. Historical Analytical Method is the method, which this research will conduct to reach to the required outcomes.

This research covered different parts of Abbasi's Caliphate territory; so it's obvious that the main economic factor that caused to those movements and revolutions includes the huge amount of tax and the bad treatments of tax collectors, who sometimes used violence in collecting tax. Those mismanagement of tax affair made of people to raise their voices and stand up against the authority of Caliphate.

**Key Words:** Abbasi, Economics, Revolutions and Uprisings, Tax.

## پێشەکی

ڕاپەڕین و جولانەوەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی گەلێک بابەتی لەسەر نوسراوەو بایەخی تایبەت دراوە بە مێژووی سیاسی و سەربازیان، زۆرترین ئەو توێژینەوانەی باس لە شۆرش و جولانەوەکان دەکەن زیاتر هۆکاری سیاسی، ئاینی، نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیان باسکردووە، کەمتر خۆیانداوە لە هۆکارە ئابوورییەکان.

ئێمە هاتووین شیکاری بۆ ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە دەکەین هۆکاری ئابووری کاریگەری هەبووە لە دروستبوونیدا، دەگونجێت لە پاڵ لایەنی ئابووری هۆکاری دیکەش دەوری گرنگی بینیبێت بۆ هەلگیرساندنی ڕاپەڕینەکە.

دەپرسین هۆکاری ئەم ڕاپەڕینانە چی بوون؟ ئایا خەڵکی لە خۆڕا ڕاپەڕینیان کردووە؟ وەڵامەکە بێگومان نەخێرە، دیارە لە ئەنجامی مامەڵەی خراپی والی و کاربەدەستانی خیلافەی عەباسی بووە لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەکەدا. هەرچەندە هەندێ لەو سەرچاوانەی کە ئاماژەیان بەو جوڵانەوانە و ڕاپەڕینانە کردووە، بە زەندەق و هەڵگەڕاوە و جیاکاری لە خیلافەی عەباسی تاوانبار کراون، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە لە هەموو سەردەمێکدا دەگونجێت کۆمەڵێک نوسەرو مێژوونوس هەبن نزیک لە دەسەڵاتبن بە جۆرێکی خراپ لەسەر ئەو جوڵانەوانە بنوسن کە دژی دەسەڵاتن، دەکرێت ئەمەش بە هۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، نەتەوایەتی و ڕەگەزی بێت

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە بتوانین بەرچاو ڕوونی بخەینە بەرچاوی خوێنەر کە تەنها هۆکارە سیاسیەکان نابن بە هۆی دروستبوونی شۆرش و ڕاپەرینەکان بەڵکو دەکرێت هۆکارێکی دیکەی گرنگی وەک ئابووری ببێتە هۆی بەرپاکردنی راپەرینێکی گەورەو بەهێز، کە بتوانێت سەرچاوەی مەترسی بێت بۆ خیلافەتی عەبباسی.

بەگشتی توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بۆ سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا چەندین شۆڕشی گرنگمان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا خستۆتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا باسمان لە شۆڕش و جوڵانەوەکانی میسر کردووە، لە تەوەری سێیەمەدا هاتووین شۆڕش و جولانەوەکانی عێراق، یەمەن، جەزیرەو شاممان پێکەوە باسکردووە. ئەوەی زیاتر گرفت بووە لە سەرچاوەکاندا زیاتر باسیان لە شەڕو کوژراوەکان کردووە لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان کەمتر لەسەر بابەتە ئابووریەکان هەڵوێستەیان کردووە، ئەمەش ئاریشەیەکی گەورە بوو لە بەردەماندا.

ئەو سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتوون و زۆرتر بەکارمانهێناون، (تاریخ الرسول والملوک) ی (الطبری) لەگەڵ (الکامل فی التاریخ) ی (ابن

الاثير) و (الولاة والقضاة)ی (الكندي) و (الخطط)ی (المقریزی) گەلێک سەرچاوەی دیکەش. هەندێ جار سەرچاوەکان نەهاتوون پاساوی ئەم چالاکییانە روونبکەنەوە کە داخۆ هۆکاری ڕاستەقینە و پاڵنەریان چی بووە، بۆیە هۆکاری گەلێک لەم جوڵانەوانە نازانین بەڵکو زۆربەی جار بە لادەر و دەرچوو لە دەسەڵاتی خیلافەتی و ئیسلام لە قەڵەم دراون ئەگەر لە پێناو دۆزێکی ڕەوای خەڵکەکەشدا بوو بێت.

هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو شۆڕشانە لە ناوچە جیاوازەکان بەرپابوون بخەینەڕوو، لەو سەردەمەدا کە رۆژگاری بەهێزی و باڵا دەستی خیلافەتی عەباسی بوو.

## تەوەرەی یەکەم/ ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی:

هەرچەندە زۆرترین ئەو ڕاپەڕینانەی کە ڕوویانداوە هۆکاری ئاینی یان سیاسی یان نەتەوایەتی دەخرایە پاڵ، هەندێ لەم ڕاپەڕینانە دەخرانە چوارچێوەی ئاگر پەرست و دەرچوو لە ئاین، بەڵام لە ڕاستیدا ناوەڕۆکەکەی شتێکی دیکە بوو ئەویش "داواکردنی مافەکانی خۆیان بوو؟ یان بریتیبوون لە کۆتاییهێنان بەو ستەمەی کە لە لایەن بەشێک لە کاربەدەستانی خیلافەتی عەباسی دەخرایە سەریان"(حسن،٢٠٢٠ز، ل٢٩٧).

هەندێجار ئەم جوڵانەوەنە لەپاڵ داوا سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکاندا دروشمی ئابوورییان بەرزدەکردەوە، لە نموونەی گروپە مەزدەکییەکان کاتێک جوڵانەوەیەک، یان شۆڕشێکیان پەرپادەکرد دروشمی یەکسانی کۆمەڵایەتیان بەرزدەکردووە، کە پێویستە هەموو چین و توێژەکان لە ڕووی ئابوورییەوە وەک یەکبن، ئەوەی ئەمرۆ پێی دەوترێت سیستەمی سۆسیالیستی (الیوزبكي،١٩٨٣،ص٤٥٢-٤٥١)، شایانی باسە زۆربەی لایەنگران و پەیڕەوکارانی جوڵانەوە و شۆڕشەکان خەڵکانی جوتیاربوون کە لە هەلومەرجێکی سەختی ژیاندا بوون، بە هیوای ئەوەی بتوانن لەو گوزەرانە سەختەی ژیانیان ڕزگاریان ببێت، چاوەڕوانی ژیانێکی باشتربوون(الزيتاوي، ٢٠٠٣، ص٢٤٩) ، خۆراسان شوێنی زۆرێک لە شۆرش و ڕاپەڕینەکان بوو، ئەوکەسانەی کە سەرکردایەتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیان دەکرد زۆرترینیان خەڵکی خۆراسان بوون(زرين كوب، ب.س، ص١٢٣). سەردەمی حوکمڕانی مەنسور (١٣٦-١٥٨ک/٧٥٣-٧٧٤ز) بە لوتکەی ڕاپەڕینەکانی ئێران هەژمار دەکرێت. بیانووی ئەم ڕاپەڕینانەش کوژرانی ئەبو موسلیمی خۆراسانی بوو لەلایەن خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسورەوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئێرانییەکان هەبوو، بوو بە هەوێنی دروستبوونی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی گرنگ(فروشاني، د.س)، یادەوەری ئەبو موسلیم لای فارسەکان بە زیندوویی مایەوە، لە دوای کوژرانی لە خۆراسان چەندین شۆڕش و بزوتنەوەی نا ڕەزایی لە دژی دەسەڵاتی خیلافەی عەباسی بەرپابوو(طقوش، ٢٠٠٩ز، ل١٧٠).

ئێمە لێرەدا دوو شۆڕشی گرنگ دەخەینەڕوو ئەویش (شۆڕشی حەمزەی کوڕی ئەترەک و شۆرشی ڕافیعی شۆڕشی ڕافیعی کوڕی نەصری کوڕی سەیار)، دوو لە شۆڕش و ڕاپەڕینە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامین، لەماوەی خیلافەتی خەلیفە هاروندا پەرپابوون، لە هەمان کاتدا عەلی کوڕی عیسای ماهان والی ناوچەکە بووە، کە بە هۆکاری سەرەکی ئەم شۆڕشانە دادەنرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانین بە کورتی لەسەری بدوێین.

### ١/عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان:

هارونە ڕەشید لە ساڵی (١٨٠ک/٧٩٦ز) عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهانی کرد بە والی خۆراسان(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٢٧٧) ، بوو بە هۆی سەرچاوەی ئاژاوە و ناكۆكی و نائارامی لە خۆراسان، ئەم والییە سیاسەتێکی نادادپەروەری و خراپەکاری پەیڕەو دەکرد، دەستبەسەرداگرتنی پارەو موڵک و ماڵی خەڵکی لە کارە خراپەکانی بوو، بۆ بە دەستهێنانی خۆشەویستی خۆبردنە پێشەوە لای خەلیفە چەندین دیاری بەنرخی بۆ دەنارد(ابن لأثير، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٣٨؛ حسن، ١٩٩٦م، ج٢، ص٤٧) ئەم کردەوانەی عەلی کوڕی عیسا گەورە پیاوەکانی خۆراسانی وروژاند، بۆیە نووسراویان بۆ ڕەشید نارد و سکاڵای بارودۆخی ژیانی خۆیان لە سایەی عەلی کوڕی عیسا کرد و داوای دورخستنەوەیان دەکرد(ابن لأثير، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٣٨؛ حسن، ١٩٩٦م، ج٢، ص٤٧). خەلیفە ڕەشید بڕیاریدا خۆیی بڕوات بۆ شاری

ڕەی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە بکات، بەڵام عەلی کوڕی عیسا لێزانانە هات بۆ لای خەلیفە و چەندین دیاری بە نرخی پێشکەش کرد، ڕەشیدیش جارێکی دیکە ویلایەتەکەی بۆ تازەکردەوە(ابن لأثير، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٣٨؛ أيوب، ١٩٨٩، ص٦٩)

لەوانەیە هەڵە نەبین ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە گشتی و بە تایبەتی خۆراسان وەک ناوچەی گەرمی شۆڕش و ڕووبەڕوبونەوەکانی خیلافەتی عەباسی دەستنیشان بکەین.

## ٢/شۆڕشی حەمزەی کوڕی ئەتراکی سجستانی:

نادادپەروەری و ستەمی کاربەدەستانی عەباسی و پێدانی جۆرێک لە سەربەخۆیی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی خیلافەی عەباسی و نەبوونی چاودێری وردی خەلیفە بۆ کار و کردەوەکانیان، ئەم والی و کاربەدەساتانە خەریکی بنیادنانی کۆشک و تەلار و کۆکردنەوەی پارە و سەروەت و سامان بوون، لە ئەنجامی ئەم ڕەفتار و کردەوانەدا خەڵکەکە توانا و لێبوردەیی خۆیان لەدەستدا، ئەمەش سەریکێشا بۆ ناڕەزایی و ڕاپەڕین(فروشانی، د.س).

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکانی خۆراسان و سجستانیش کاریگەری هەبوو لەسەر وەرگرتنی مەزهەب و بیروباوەڕی دەرەوەی ناوچەکە بە تایبەتی خەواریج(العانی، ١٩٨١م، ص٢٣٠) ، لەوکاتەدا عەلی کوڕی عیسای ماهان حوکمڕانی خوراسان و سیجستان بوو، بە یەکێک لە والییە ستەمکارەکانی خیلافەی عەباسی دادەنرێت(ابن الأثير، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٣٨؛ فروشانی، د.س)، ڕەفتاری خۆی و کوڕەکانی یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی خەڵکێکی زۆر بەدەم بانگەوازی حەمزەوە بڕۆن(زرين كوب، ب.س، ص١٧٥)، چونکە لە ماوەی دەساڵی حوکمڕانیدا سەروەت و سامانێکی زۆری پێکەوە نابوو(حبيبی،١٣٤٥، جل١، ص٣٤٩).

بە حەمزەی کوڕی ئەترەک ناوی هاتووە(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٢٧٧)، حەمزەی کوڕی ئاذەرکی خاریجی (حمزة بن آذرك الخارجي) پێدەوترێت(البيهقي، ٢٠٠٤م، ص٤٧٩) حەمزە لە نەوەی تەهماسبە، پیاوێکی ئازا و چاونەترس بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی زانا و خودا پەرست بووە، حەزی لە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بوو(مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣٠-١٣١)، سەرەتای دروستبوون و دەستپێکردن شۆڕشەکە لەوەوە سەرچاوەی گرت کاتێک یەکێک لەو فەرمانبەرانەی ئەرکی کۆکردنەوەی خەراجی پێسپێردرابوو مامەڵەی ناشرین و ناشایستەی لەگەڵ خەڵکی دەکرد، لەسەر ئەنجامی ئەم ڕەفتارەی بوو بە هۆی تورەکردنی حەمزە و فەرمانبەرەکەی کوشت(مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣١؛ حبيبی، جل١، ص٣٥٠-١٥١). ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەی حەمزە هاوکاتی والیەتی عەلی کوڕی عیسای ماهان بوو لە خۆراسان(گرديزی، ١٣٦٣، ص٢٩٥).

بۆ ڕوودانی هەر شۆڕشێک چەند هۆکارێکی هەیە، بەڵام ڕەنگە لە هەموویان گرنگترو بەهێزتر بۆ خێراکردنی ڕوودانی شۆڕشەکانی دژی خیلافەتی عەباسی هۆکاری ئابووری بێت، کە خۆی دەبینیەوە لە وەرگرتنی باج و (خەراج) و جزیە و شێوازی وەرگرتنەکەی(العقرباوی، ٢٠١٨م). ئەم شۆرشەی حەمزەش دەچێتە ئەم بازنەیەوە، بۆچوونەکان جیاوازن لەسەر ڕوودانی ئەم شۆڕشە هەندێک ساڵی (١٨٠ک/٧٩٦ز) بە ڕوودانی شۆڕشەکە دیاریکردووە(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٢٧٧؛ ابن الأثير، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٠٦)، بەڵام زۆرێک لە مێژوونووسانی دیکە ساڵی (١٧٩ک/٧٩٥ز)یان داناوە(الطبری، د.س، ج٨، ص١٦١؛ ابن الجوزی، ١٩٩٢م ج٩، ص٣٨؛ ابن كثير، مج٥ ص٦٠٠؛ عزام، ٢٠٠٩م، ص١٣٩) ، ئەگەر حەمزە لە ماوەی حوکمڕانی عەلی کوڕی عیسا شۆڕشەکەی کردبێت کەواتە ساڵی (١٨٠ک/٧٩٦ز) نزیکترە لە ڕاستییەوە، چونکە عەلی کوڕی عیسا لە ساڵی (١٨٠ک/٧٩٦ز) بووە بە والی خۆراسان(ابن الاثير، ١٩٨٧م، مج٥، ص٣٠٩)، حەمزە بیروباوەڕی خەواریجی هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی خۆی وەک ئەمیری باوەڕداران دەناساند(صديقی، ٢٠١٠م، ص٣٤؛ اقبال، ١٩٨٩م، ص١٥) لە ساڵی (١٨١ک/ ٧٩٧ز) (مصطفی، ١٩٧٣م، ج١، ص٦٨٦) شۆڕشەکەی دەرئەنجامی زوڵم و ستەمی ئاشکرای والی و کاربەدەستانی خەلیفەی عەباسی بوو. حەمزە کاتێک ژمارەیەک لە سەربازەکانی بڵاوەپێکرد لە ناوچە جیاوازەکان ئامۆژگاری کردن کە هەرگیز ڕێگە نەدەن کاربەدەستانی خەلیفە زوڵم و ستەم لە خەڵکی هەژار و بێ پشتوپەنا بکەن(صديقی، ٢٠١٠م، ص٣٤)، لەگەڵ خەڵکیدا مامەڵەی جوان و دادپەروەر بوو

ئەمەش بووبە هۆی بەهێزی حەمزە لە سیجستان و ناوچەکەدا(صدیقی،٢٠١٠م، ص٣٤).

قەدەغەکردنی وەرگرتنی باجیش ڕاپەڕینی حەمزەی گەیاندە لوتکە(حسن،٢٠٢٠ز، ل٣٢٦) دوای ئەوەی سەفەری حەجی کرد و گەڕایەوە بۆ سیجستان لە ڕووی جەماوەرەوە بەهێز بوو، ژمارەی ئەو خەڵکانەی شوێنی کەوتن، بە پێنج هەزار کەس مەزەندە دەکرا، ڕۆشت بەرەو ناوچەی پوشەنج(بوشنج)(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٢٧٧؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٠٩) لەوێ عەمرویەی کوڕی یەزیدی ئەزدی کە فەرمانڕەوای هەرات بوو بە شەش هەزار سەربازەوە ڕووبەڕوی بویەوە و حەمزە توانی شکستی پێبهێنێت(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٢٧٧؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٠٩) ، پاشان عەلی کوڕی عیسا کوڕەکەی خۆی کە ناوی (حسین) بوو لەگەڵ سوپایەکی دە هەزار سەربازی بۆ شەڕی حەمزە نارد، بەڵام کاتێک شەڕ دەستپێکرد حسەین ترساو شەڕی نەکرد(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٢٧٧؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣١٠) ، عەلی کوڕی عیسا ئەو کوڕەی لابرد لە پۆستەکەی و لە جێگەی کوڕێکی دیکەی بە ناوی عیسای کوڕی عەلی بۆ شەڕی حەمزە ڕەوانەکرد(گردیزی، ١٣٦٣، ص٢٩٠)، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پایەی حەمزە لە ناو خەڵکیدا لە شەوالی ساڵی (١٨٢ک/٧٩٨ز) عیسای کوڕی عەلی کوڕی عیسا بە هێزێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی حەمزە بوویەوە شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوویدا ژمارەیەکی زۆر لە خەواریــج کوژراو، عیسای کوڕی عەلی شکستی هیناو گەڕایەوە بۆ خۆراسان (مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣١) ، بەڵام ئیبن ئەثیر ڕووداوی ئەم شەڕکردنە دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی (١٨٠ک/٧٩٦ز) ( ابن الأثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣١٠)، دەسەڵاتی حەمزە و شۆڕشەکەی ناوچەیەکی فراوانی خۆراسانی گرتەوە(ترف، ٢٠١٥م، ص٦٢)، لە ساڵی (١٨٥ک/ ٨٠١ز) گەیشتە ئەو پەڕی توانا و هێز و مەترسی بۆ خیلافەتی عەباسی لە بادغیس و خۆراسان(القطان، ٢٠١٨ز، ل٨٨).

عەلی کوڕی عیسا جارێکی دیکە عیسای کوڕی دەنێرێتەوە بۆ شەڕی حەمزە، بەڵام بەخت یاوەری حەمزە نابێت شکست دەهێنێت و سوپاکەی هەموو لە ناو دەچن تەنها چل کەس لە هاوەڵانی دەمێنێتەوە و ڕێگەی قوهستان دەگرێتە بەر(ابن لأثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣١٠).

ڕەنگە بڵێین زۆرترین نیگەرانی خەلیفە هارون لە کاتی حوکمڕانیدا ڕاپەڕینەکەی حەمزەی کوڕی ئازارکی سیجستان بێت(فروشانی، د.س)، چونکە شۆڕشەکە لە ساڵی (١٧٩ک/ ٧٩٥ز) و (١٨٠ک/٧٩٦ز) دەستی پێکردووە هەتا ساڵی (٢١٣ک/٨٢٨ز) بەردەوام بووە، دەکاتە بیست ساڵ دوای مردنی خەلیفە هارون (١٩٣هـ/٨٠٨ز)(فروشانی، د.س)، واتە نزیک بە سی و سێ ساڵی خایاندووە، عەلی کوڕی عیسا نامەی بۆ خەلیفە نارد و هەواڵی پێدا لەوەی خەواریجێک لە خۆراسان و سیجستان پەیدا بووە ناهێڵێت دانەوێڵە و درهەمێک باج وەربگرین لە خۆراسان و سجستان و کرمان، ئەو کەسانەش دەکوژێت کە فەرمانبەری کۆکردنەوەی باجن(مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣٣-١٣٤)، بۆیە خەلیفە هارون ناچار خۆی هات بۆ سجستان بۆ شەڕی حەمزە و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکەی(غبار، ١٣٧٥، ل١٨٠)، لە ساڵی (١٨٨ک/٨٠٣ز) گەیشتە شاری ڕەی و کردی بە بنکەی خۆی بۆ ئەوەی شەڕی حەمزە بکات لە خۆراسان(مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣٤)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە شۆڕشەکەی حەمزە جێگەی مەترسی بووە بۆیە خەلیفەی ناچار بە ڕۆشتن کردووە بۆ خۆراسان.

خەلیفە هارون لە جورجانەوە نامە بۆ حەمزە دەنێرێت و بانگێشتی دەکات ڕێنوێنی دەکات بۆ ئاینی ئیسلام و کتێبی خودا و سونەتی پێغەمبەر(د.خ) ئەمان و دڵنیایی پێدەدات بە مەرجێک واز لە شۆڕشەکەی بهێنێت(مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣٥-١٣٦)، حەمزەش وەڵامی دەداتەوە و لە نامەکەدا خۆی بە ئەمیری مسوڵمانان دادەنێت، دەڵێت: من خۆم خەڵکی بانگ دەکەم بۆ ئاینی ئیسلام، جەنگی من لەگەڵ کاربەدەست و فەرمانبەرەکانت لەسەر زوڵم و ستەم کردن و داگیرکردنی ماڵی خەڵکییە(مجهول، ٢٠٠٦، ص١٣٧-١٤٠).

حەمزە پەنای بردە بەر دۆخی پشێوی و ناجێگیری خۆراسان و دڕندەیی عەلی کوڕی عیسا کوڕی ماهان وایکرد لە خۆراسان و سجستان خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری کۆببێتەوە و بەرە و ناوچەکانی سیجستان و خۆراسان بۆلای هەوادارانی ڕۆیشت، تەنانەت لە ساڵی (١٩٣ک/٨٠٨ز)دا چووە خۆراسان بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ خەلیفە بکات، بەڵام لە ڕێگادا هەواڵی مردنی خەلیفەی بیست.

لە ماوەی کێشەی نێوان ئەمین و مەئمون زیاتر دەستکراوە بوو دەسەڵاتیشی زیادی کرد(اسلام نیا، د.س، ص٣٤)، لە ساڵی (٢١٣ک/٨٢٨ز) طەڵحەی کوڕی طاهیر توانی لە شەڕێکدا حەمزە بکوژێت وکۆتایی بە شۆڕشەکەی بهێنێت(حبیبی،١٣٤٥، جل١، ص٣٧٠؛ عدوان، ١٩٩٠م،

ص٢٣).

### ٣/شۆڕشی ڕافیعی کوڕی نەصری کوڕی سەیار:

خەلیفە ڕەشید دەسەڵاتی تەواوی بە والی و کاربەدەستەکانی بەخشی بوو لە هەرێمەکاندا، چاودێری هەڵسوکەوت و کاروبارەکانی نەدەکردن، هەندێجار ئەم والیانەش لاسارییان دەنواند و دەبوونە هۆی بێزاری و ناڕەزایەتی خەڵکی و بەرپا بوونی ڕاپەڕینی جەماوەری(طقوش، ٢٠٠٩ز، ص١٣٤)، نموونەیەک لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە خەڵکی خۆراسان پێی هەستان لە ساڵی (١٩٠ک/٨٠٦ز) (الطبری، ج٨، ص٣١٩؛ الدینوری، ١٩٦٠، ص٣٩١؛ ابن العبري، ١٩٩٤، ص٢٢٤) بەسەرکردایەتی (ڕافعی کوڕی نەصری کوڕی سەیار) لە سەمەرقەند ڕاپەڕی(حسين الازدي، ١٩٩٩م، ج٢، ص٣٣٢؛ ابن العبری، ١٩٩٤م، ص٢٢٤)، لە دژی والی خۆراسان (عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان) ئەویش لە ئەنجامی ئەو زوڵم و ستەم و ناڕەحەتانەی کە توشی خەڵکەکەی کردبوو(حمدوالله مستوفى، د.س، ص٣٠٦؛ الدینوری، ١٩٦٠م، ص٣٩١)، بڕیاری شەڕو ڕوبەڕوبونەوەیدا و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی خۆراسان شوێنی کەوتن(الدینوری، ١٩٦٠، ص٣٩١) ، بێگومان ئەمەش بە هۆی ئەو ڕەفتار و خراپانەی ( عەلی کوڕی عیسا ) بوو(اسماعیل، ٢٠٢٠، ص٢٤٣؛ طقوش، ٢٠٠٩م، ل١٣٤)، "کەسێکی ستەمکار و خراپ بوو لەگەڵ خەڵکیدا و پارە و سامانێکی زۆری کوکردبووەوە"(الطبری، د.س، ج٨، ص٣١٤) لەبەرئەوە لای خەڵکی خۆراسان کەسێکی بێزرا و خۆشەویست نەبوو(عدوان، ١٩٩٠م، ص١٩)، دەستی دەگرت بەسەر سەروەت و ماڵ و دارایی خەڵکدا و ئازار و ئەشکەنجەی دەدان(صدیقی، ٢٠١٠م، ص٣٤؛ حسن، ١٩٩٦م، ص٤٧)، تۆمەتی بۆ دروست دەکرن، بەناوی ئەوەی کە هەڵگەڕاونەتەوە لە ئاینی ئیسلام و کافرن و دژایەتی ئیسلام دەکەن(صدیقی، ٢٠١٠م، ص٣٤)، عەلی کوڕی عیسا لە خۆراسان سەرچاوەی گەلێک لە ئاژاوە و فیتنەی بوو(حسن، ١٩٩٦م، ص٤٧)، ڕاپەڕینەکەی ڕافیع فراوان بوو لە دوای گرتنی سەمەرقەند(ابن تغري البردي، ١٩٣٠م، ج٢، ص١٣٣) خەڵکی گەلێک شار و ناوچە پەیوەندییان پێوە کرد و چوونە ڕیزی سوپاکەی(ابن کثیر، ٢٠٠٧م، مج٥، ج١٠، ص٦٣٥)، وەک ناوچەکانی (شاش، فەرغانە، ئەشروسنە، بوخارا، طەخارستان، خەوارزم، بەڵخ) (الیعقوبی، ٢٠٠٢م، ج٢، ص٣٠٥) پەیوەندیکردنی خەڵکی ئەم ناوچانە نیشانەی پشگیریکردنیانە لە ڕاپەڕینەکە، ئەمەش لە خۆڕا نەبووە، دیارە والی و کاربەدەستانی خیلافەتی عەباسی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە کردووە، بۆ دەرفەتێک گەڕاون هەتا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، هەوڵیانداوە ڕزگاریان ببێت لەژێر دەستی ئەو والی و کاربەدەستانە، خەلیفەکانی عەباسی لە کاتی ڕوودانی شۆڕش و جوڵانەوەکان و ئاژاوە ناوخۆییەکاندا پەنایان دەبردەبەر باشترین سەرکردەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن(محمود، ٢٠٠٨، ص٤)، بۆیە ڕەشید بڕیاریدا (هەرثمەی کوڕی ئەعین) بە سوپایەکەوە بنێرێت بۆ سەمەرقەند بۆ شەڕی رافیع (الیعقوبی، ٢٠٠٢، ص٣٠٥؛ مجهول د.س، ص٢٧٣)، لە ساڵی (١٩١ک/٨٠٦ز) عەلی کوڕی عیسای لە والییەتی خۆراسان دوورخستەوە(خلیفە بن خیاط، ١٩٩٥م، ص٣٠٤؛ الدینوری،١٩٦٠، ص٣٩١)، هەرثمە توانی چەندین سەرکەوتنی گەورە لە دژی ڕافیع بەدەستبهێنێت، بەشیری کوڕی لەیثی برای ڕافیع دەسگیرکرد(الهامی،٢٠١٣م، ص٥٢٥)، کاتێک بردنیان بۆلای ڕەشید بە براکانی ڕافیعی گوت: بێزارتان کردم، لەگەڵ بێ توانایی و بێهێزی و نەخۆشیم ئازاری ئەو سەفەرەم چەشت(القطان، ٢٠١٨، ل٧٦)، لەساڵی (١٩٢ک/٨٠٧ز) ڕەشید بڕیاریدا خۆی بڕوات بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ڕافیع(ابن کثیر، ٢٠٠٧،مج٥، ج١٠ص٦٣٩؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٥٠) لە ساڵی (١٩٣ک/٨٠٨ز)( ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٥٢) کاتێک گەیشتە طوس کۆچی دوایی کرد(ابن طقطقی، د.س، ص١٩٦)، گۆڕەکەشی هەر لەوێیە(مجهول، ١٩٩٩م، ص٧٢)، خیلافەتی عەباسی لە سەردەمی هارونە ڕەشیددا لەو پەڕی لوتکەی هێزو دەسەڵاتیدا بوو(العیدروس، ٢٠١١م، ص١٤٧)، جوڵانەوەکەی ڕافیع بەردەوام بوو هەتا ساڵی (١٩٤ک/٨٠٩ز) بەردەوام بوو کاتێک مەئمون بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ خۆی و سەروەت و ماڵ و منداڵی دەکرد(طبری، ص٣٧٥؛ الجهشیاری، ١٩٣٨، ص٢٧٩)، بە یەکێک لە شۆڕش و ڕاپەڕینە بەهێز و درێژخایەنەکان دادەنرێت(العسیري، ١٩٩٦م، ص١٨٧). هەرچەندە هۆکاری سەرەتایی شۆڕشەکە لەسەر ئەوە بووە کە ڕافیعی کوڕی نەصری سەیار ژنێکی داوە بە تەڵاقدان و مارەی کردووە لە خۆی(ابن تغري البردي، ١٩٣٠، ج٢، ص١٣٢)، دواتر والی خۆراسان کاربەدەستی سەمەرقەندی ڕاسپاردووە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری، پاشان سزای داوە و خستویەتییە زیندانەوە، ڕافیع دوای ئازاد

بوونی لە زیندان شۆڕشی کردووە(الطبری، ، ج٨، ص٣١٩؛ العریشی، ٢٠١٨ز، ل٩١).

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین عیسایی کوڕی عەلی کوڕی عیسا پارەیەکی زۆری لە باخ و بێستانی ماڵەکەی خۆی لە شاری بەڵخدا شاردبووەوە کە نزیکەی (سێ ملیۆن) بوو، بەڵام نازانین درهەم یان دینار بوو(ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٤٦-٣٤٧)، هەرثمەی کوڕی ئەعیون دەستی گرت بەسەر ماڵ و سەروەت و سامانی عەلی کوڕی عیسای ماهان(ابن کثیر، ١٩٨٧، مج٥، ج١٠، ص٦٣٩)، کە بە هەشت ملیۆن مەزەندەکرا، بەڵام (الطبری) ئاماژەی بەوەنەکردووە دینار یان درهەم بووە( ج٨، ص٣٢٤؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٤٨)، پاشان دەستیگرت بەسەر موڵک و ماڵەکەیداو بە هەزار و پێنجسەد وشتر گواستییەوە(الذهبی، د.س، ص٢٤١)، بۆ خەلیفە ڕەشیدی نارد(ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٤٨)، خەڵکی خۆراسان زۆر خۆشحاڵ بوون بە دوورخستنەوەی عەلی کوڕی عیسا(خلیفة، د.س، ص٦٦) لە بەرامبەر ئەمەشدا بۆ خۆبردنە پێشەوەی لای خەلیفە هارونە ڕەشید پارە و یاری گران بەهای پێشکەش دەکرد(حسن، ١٩٩٦م، ج٢، ص٤٧)، بەڵام ئەمجارە فریای نەکەوت هەرثمە بە سواری وشترێکی بێ کۆپان ناردی بۆ دەرباری خەلیفە(ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٤٨).

بە بۆچوونی ئێمە دەکرێت سەرەتای دەرچوونی رافیع لە دژی دەسەڵاتی والی و خیلافەتی عەباسی پەیوەندی بە بابەتی ژن تەڵاقدانەکەو زیندانیکردنی ڕافیعەوە هەبێت، بەڵام کۆبوونەوەی ئەم خەڵکە زۆرەی ناوچەکە و شارە جیاوازەکان لە دەوری رافیع لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە جێگەی گومانە، چونکە بابەتی ژن تەڵاقدان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە شتێکی ناشرینە دەچێتە خانەی ویستی تاکە کەسی، ناکرێت خەڵکی دوای کەسێک بکەون ئەویش بە دوای حەز و ئارەزووەکانی خۆی بکەوێت، دەکرێت ئەمە هۆکارێکبێت بۆ هەڵگیرساندنی پریشکی ئاگری شۆڕشەکە، چونکە خەڵکەکە داخ لە دڵ بوون زۆرجار زوڵم و ستەمیان لە لایەن (عەلی کوڕی عیسا)وە لێکراوە باج و خەراجی زۆری لێوەرگرتوون، سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردبووە بۆ خۆی و کورەکانی ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و گەندەڵی دارایی.

بەو پێیەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ناوچەیەکی دوور بووە لە بەغدادی پایتەخت، کە ناوەندی دەسەڵاتی خیلافەت بوو خەلیفەش بۆخۆی لەوێ نیشتەجێ بوو، ئەم کەنارگیرە لە ناوەند وایکردبوو کە جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بدرێت بە والی و کاربەدەستان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، وە لە ئەنجامی چاودێرینەکردنی کاروکردەوەکانیان ئەم والی و کاربەدەستانە هەوڵی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانێکی زۆریاندا و بوون بە خاوەنی کۆشک و تەلار، بەشێکی ئەو باج و خەراجانەی کە وەریان دەگرت نەیان دەگێڕایەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی(حسن، ٢٠٢٠، ل٣٢٢). هەموو ئەو ئاماژە و ڕوونکردنەوەنەی لە سەرچاوەکاندا بەرچاومان کەوتوون ڕوونیدەکاتەوە کە شۆڕشەکە لە دژی نایەکسانیی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە دروست بووە، بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوامی هەبوو.

## ٤/شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی قوم:

دەکرێت بڵێین ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی شوێنگەی گەلێک شورش و ڕاپەڕین بووە، هەرچەندە خەلیفە مەئمون تۆمەتبار کرا بە ئێرانی و باڵادەستی ڕەگەزی ئێرانی بەسەر عەرەبەکاندا، بەڵام ئەمانە ڕێگری نەکرد لە بەرپابوونی چەندین ڕاپەڕینی جیاواز لە نێو ئێرانییەکاندا(فروشانی، د.س). کاتێک خەلیفە مەئمون لە شاری ڕەی بوو بڕیاریدا باج لەسەر دانیشتوانەکەی کەمبکاتەوە(الطبری، د.س، ج٨، ص٦١٤)، خەڵکی شاری قومیش چاویان لەوەبوو وەک شاری ڕەی باجیان لەسەر کەمبکرێتەوە، بەڵام خەلیفە مەئمون ڕەتیکردەوە بۆیان کەمبکاتەوە(المسکویة، ٢٠٠٠، ج٤، ص١٦١). ئەمانیش بڕیارياندا باج نەدەن بە نوێنەری والی(ابن الجوزی، ١٩٩٢، ج١٠، ص٢١٨).

شاری (قوم) لە سەردەمی خەلیفە مەئمون لە ساڵی (٢١٠ک/٨٢٥ز) بڕیاری ڕاپەڕینیاندا، هەر بەوەشەوە نەوەستان بەڵکو (مەئمونیان) لە خیلافەت لابرد(ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٤٨١؛ المسکویة، ٢٠٠٠، ج٤، ص١٦١)، ڕاپەڕینی قوم دیارە بووە بەهۆی ناڕەزایی و بێزاری خەلیفە مەئمون(فروشانی، د.س). بۆیە بڕیاریدا (عەلی کوڕی هشام) و (عەجیفی کوڕی عەنبسە) بنێرێت بۆ شاری قوم بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، توانییان ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکەن و بەسەر خەڵکی شارەکەدا زاڵبن، شورای شارەکەش وێران بکەن(المسکویة، ٢٠٠٠، ج٤،

ص١٦٢)، ناڕەزایەتی خەڵکی قوم بۆ کەمکردنەوەی باج بوو(الطبری، ، ج٨، ص٦١٤)، بەڵام باجەکەیان بۆ زیادکرا لە دوو هەزار درهەمەوە بوو بە حەوت هەزار درهەم(ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٤٨١).

ڕاپەڕینی خەڵکی قوم تەواو ئابووری بوو، بەو پێوەری کە باج و خەراج کۆڵەکەی داهاتی ئابووریی سەردەمی خیلافەتی عەباسی بووە، خەڵکەکە بەهۆی ناڕەزایەتییان لە زۆری ئەو باجەی خراوەتە سەریان ڕاپەڕینیان کردووە.

### تەوەرەی دووەم/ ڕاپەڕینەکانی میصرو باکوری ئەفریقا:

میصر لە ڕووی جوگرافیاوە دەتوانرێت بە ناوچەیەکی دوور لە بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەباسی دابنرێت، بۆیە هەر ناوچەیەک دوور بێت لە پایتەخت دەسەڵاتی ناوەندی تێیدا لاوازدەبێت، ئەم دوورییە جوگرافییە ترسی لای خەلیفەکانی عەباسی دروستکردبوو کە میصر ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دابڕێت لە خیلافەتی عەباسی(العکیدی، ٢٠٢٠م، ص٥٣٣)، بە درێژایی سەردەمی یەکەمی عەباسی لە میصر چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی گرنگ بەرپابووە، کە هەڕەشەیان دروستکرد لەسەر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی.

### گرنگترین شۆڕشی بشمورەکان و مسوڵمان و قیبطیەکان

### ١/لە سەردەمی خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنصور:

لە سەردەمی خەلیفە ئەبو جەعفەر گەلێک شۆڕش و جوڵانەوە لە میصر بەرپابووە، بەڵام گرنگترین ئەوانەیان دەخەینە ڕوو کە ڕەهەندی ئابوورییان هەیە، بەو پێیەی باج وخەراج لای میصرییەکان وەک مەترسیەک سەیر دەکرا، هەر بۆیە هۆکاری گەلێک لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی خەڵکی میصر بوو، کە لە لایەن عەرەبەکان و قیبطییەکانەوە بەرپادەکرا(عبدالرحمن، ١٤٣٨ھ، ص١١٧)، سیاسەتی ئابووری عەباسییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ ئومەوییەکان هەر بۆیە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی میصر بەردەوامیان هەبوو(حسن، ٢٠٠٥م، ص٢٤٢)، لەوکاتەی (موسای کوری عەلی کوری ڕەباحی لەخمی) لە ساڵی (١٥٥-١٦١ک/٧٧١-٧٧٧ز) والی میصر بوو(ابن تغری بردی، ١٩٣٠، ج٢، ص٢٧)، قیبطییەکانی بەلهیب لە ساڵی (١٥٦ک/٧٧٢ز)( ترتون، د.س، ص١٥٥)، هەڵگەڕانەوە لە دژی دەسەڵاتی والی(ابن تغری بردی، ١٩٣٠م، ج٢، ص٢٦؛ المقریزی، د.س، ص٩٩)، ئەمەش بە هۆکاری زیادکرنی باج و خەراجەوە بوو، لە بەرامبەردا قیبطییەکان ڕەتیانکردەوە برۆنە ژێر باری پێدانی ئەو باجە زۆرە و پارەکەیان نەدا، بۆیە والی (موسای کوڕی عەلی) هێزێکی سەربازی نارد بۆ قیبطییەکان بەسەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی موهاجرین، ئەوەی شایەنی باسە عەبدوڵا توانی سەربکەوێت(الکندی،٢٠٠٤م، ص٩٠)، بەسەر قیبطییەکاندا لە ساڵی (١٥٦ک/٧٧٢ز) کوتایی بە جولانەوەکەیان بهێنێت(المقریزی، د.س، ص٩٩).

### ٢/ڕاپەرین و جوڵانەوەی خەڵکی حوف (الحوف) لەسەردەمی هاروونە ڕەشید(١٧٠-١٩٣ک/ ٧٨٦-٨٠٨ز):

هارونە ڕەشید لە ماوەی خیلافەتەکەیدا کە بیست و سێ ساڵی خایاندووە، لەم ماوەیەدا بیست و چوار والی لە میصر ئاڵوگۆڕ پێکردووە(العکیدی، ٢٠٢٠م، ص٥٣٣)، واتە بە تێکڕا وەریگرین هەر والییەک بۆ ماوەی یەک ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە ئەم گۆڕانکارییە زۆرە بەبێ هۆکار نییە، دیارە کێشەو گرفت هەبووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکیدا، دەڵێن: ئەم والییانە بایەخیان بە پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی میصر نەداوە بەڵکو زیاتر خەریکی خۆ دەوڵەمەندکردن و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بوون(العکیدی، ٢٠٢٠م، ص٥٣٣)، سەرچاوەی ئەم داهاتەش خۆ دیارە زۆرترینی هەر لە ڕێگەی سەپاندی باج و خەراج و جزیەوە بووە لەسەر خەڵکی میصر بەگشتی و قیبطییەکان و بشمورەکانیش بە تایبەتی(العکیدی، ٢٠٢٠م، ص٥٣٣).

لە ساڵی (١٧٧ک/٧٩٣ز) هارونە ڕەشید (ئیسحاق کوری سلێمان) بە والی میصر دانا(ابن الأثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٣٠٠)، خەڵکی حەوف ساڵی (١٧٨ک/٧٩٤ز) شۆڕشیان بەرپاکرد لە دژی والی(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٤)، بە هۆکاری ئەوەی (ئیسحاق کوڕی سلێمان)

هەستا بە زیادکردنی باج وخەراج لەسەر جوتیاران، ئەمەش بوو بەهۆی نارەزای خەڵکی حەوف(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٠٤؛ المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٤) لە ئەنجامدا کارمەندی والییان کوشت(شاکر، ٢٠٠٠م، ص١٥٣)، چەکیان دژی ئیسحاق کوری سلێمان هەڵگرت و ژمارەیەکی زۆریان لە سوپای ئیسحاق کوژرا، ئەمەش وایکرد ئیسحاق داوای کۆمەک و یارمەتی لە خەلیفە بکات، نامەیەکی بۆ خەلیفە هارون نوسی لە بابەتەکە ئاگاداری کردەوە(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٤؛ ابن خلدون، ١٩٨٨م، ج٣، ص٢٧٧)، ئەویش هێزێکی بە سەرکردایەتی (هەرثمەی کورِی ئەعین) لە فەلەستینەوە نارد بۆ میصر و توانییان سەرکەون بەسەر شۆرِشی دانیشتوانی حەوفدا(الکندی، ٢٠٠٤، ص١٠٤.)، ناچاریشیان کردن ئەو باج و خەراجەی کە لە رابردوودا نەیان دابوو لێیان وەرگرن(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١ص٢٣٤)، هەرثمە رۆڵێکی باڵای گێرا لە دامرکاندنەوەی شۆرِشەکە و وەرگرتنی خەراج(أحمد بدیوی، د.س، ص٣١).

لە ساڵی (١٨٦ھ/٨٠٢ز) کۆمەڵێک لە قیبطییەکانی خەڵکی حەوف راپەرین لە دژی(لەیثی کورِی فەضڵ)ی والی میصر(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٠٨)، هۆکاری ئەم راپەرینەش بۆ ئەوە دەگەرِێتەوە کاتێک (لەیث) روپێو (مساح)ی نارد بۆ پیوانەکردنی رووبەری زەوییەکانی ناوچەی حەوفی رۆژهەڵات(تاجر، ٢٠١٢م، ص٧٥)، گوێیان نەگرت بۆ داواکارییەکانی خەڵکەکە و زیادەرەوییان کرد لە وەرگرتنی باج و خەراجدا، خەڵکی حەوفیش هاتن بۆلای والی شەکوای ئەو بارودۆخەیان کرد کە تێیدابوون(المقریزی، ١٩٩٨، ج١، ص٢٣٤)، پێیان راگەیاند: کرێکارەکانی باج و خەراج کارێکی وایان لەگەڵکردون، بەڵام لە بری ئەوەی والی گوێ لە خەڵکەکە بگرێت و بەدەم داواکارییەکانیانەوە بروات و کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات، بە پێچەوانەوە رەفتاری کرد و دواکانی پشتگوێ خستن، ئەمەش هۆکاری دروستبوونی نارەزایەتی خەڵکی ناوچەکە بوو(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٠٨) بۆیە لە شەعبانی ساڵی( ١٨٦ک/٨٠٢ز) لەیث هێزێکی چوار هەزار سەربازی ئامادە کرد و رۆشت بەرە و فوسطاط و هێرشی کردە سەریان لە مانگی رەمەزاندا رووبەرِوویان بوویەوە و ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژرا، بەڵام لەیث نەیتوانی بەسەریاندا سەرکەوێت، خەڵکی حەوف گەرِانەوە شوێنی خۆیان(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٠٨).

جارێکی دیکە خەڵکی حەوف لە ساڵی (١٨٧ک/٨٠٢ز) هەڵگەرِانەوە لە دژی (لەیثی کورِی فەضڵ) کە والی میصر بوو، خەڵکەکە ئامادە نەبوون خەراج و جزیە بدەن بە والی و لە دژی وەستانەوە(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٥). بۆیە لەیثی کورِی فەزڵ داوای لە خەلیفە هاروون کرد سوپایەک بنێرێت بۆ هاوکاریکردنی هەتا بتوانێت بە هێزی سوپاو شمشێر قیبطییەکانی حەوف ملکەچ بکات و خەراجیان لێوەربگرێت(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٠٨)، لەوکاتەدا (مەحفوضی کورِی سلێمان) لە کۆشکی خەلیفە بوو، هەڵیدایە ناو قسەکان وتی: ئەگەر خەلیفە من بنێرێت بۆ میصر دەتوانم بەبێ شەرِ و ئاژاوە باج و خەراجی میصر کۆبکەمەوە(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٥).

لە ساڵی (١٩٠ک/٨٠٥ز) حسێن کورِی جەمیل وەک والی و فەرمانرەوای میصر دەستبەکاربوو جارێکی تر خەڵکی حەوف دژایەتی خۆیان بۆ والی و خیلافەی عەباسی دەربری ئامادە نەبوون خەراج بدەن(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١١٠)، بۆیە هارونە رەشید هێزێکی بە سەرکردایەتی یەحیای کورِی مەعاز نارد لە شەوالی ساڵی (١٩٣ک/٨٠٨ز) چووە سەریان، یەحیا هێزی لەدەوروبەری خەڵکی حەوف بڵاوەپێکرد و نامەی هارونە رەشیدی پێدان، کە لە نوسراوەکەدا هاتبوو خەلیفە تێیدا داوایان لێدەکات خەراج بدەن، ئاماژەی بەوەش کردبوو هەر گروپێکیان فەرمانرەوایەکی یەمانی و قەیسییان بۆ دابنرێت، ئەگەر قبوڵیان نەبوو ناچار بکرێن و نەهێڵن لە فەرمان دەربچن(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٥).

## أ/گرنگترین شۆرِشەکانی سەردەمی خەلیفە مەئمون:

(عیسا کورِی یەزیدی ئەلجلودی) لە ساڵی (٢١٣ک/٨٢٨ز) والی میصر بوو، لە هەمان کاتدا (صاڵح کورِی شێرزاد) لێپرسراوی کۆکردنەوەی باج و خەراج بوو(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٣٨)، صاڵح لە کاتی کۆکردنەوەی باج و خەراجدا نادادپەروەری و ستەمی زۆری لە خەڵکی دەکرد و توندوتیژیی بەرامبەریان بەکاردەهێنا و خەراجی لەسەر زیادکردن، ئەمەش پاڵی بە خەڵکەکەوەنا و شۆرِشیان بەرپاکرد لە دژی، بۆیە عیسا کورِی یەزید لە ساڵی (٢١٤ک/٨٢٩م) کورِەکەی خۆی بەناوی (محەمەد) بە سوپایەکەوە نارد بۆ شەرِکردن لەگەڵ خەڵکی حەوف، لە

(بەلبیس) ڕووبەڕوویان بوویەوە، بەڵام لە شەڕەکەدا بەتەنها خۆی ڕزگاری بوو، تەواوی هاوڕێکانی لەناوچوون(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٦؛ الکندی، ص١٣٨. ابن تغری البردی، ١٩٣٠، ج٢، ص٢٠٥).

دوای ئەوەی (عیسای کوڕی یەزید) وازی لە والییەتی میسر هێنا و لەشوێنی ئەو (عەمیری کوڕی وەلیدی تەمیمی) دەستبەکاربوو، خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگکردن لەگەڵ خەڵکی حەوف(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٤٠)، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی یەك بوونەوە خەڵکی حەوف ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، عەمیر و ژمارەیەك لە هاوڕێکانی دوایان کەوتن و کەمینیان دانا بۆ حەوفیەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص ٢٣٦).

## ب/شۆڕشی بشمورەکان و مسوڵمان و قیبطییەکان :

پەیڕەوکردنی سیاسەتی خراپی ئابووری و توندوتیژیی یەکێک بوو لە هۆکارەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان(عبدالرزاق، ١٩٨٥م، ص٢٨٤)، بە تایبەتی خراپ مامەڵەکردن لە کاتی کۆکردنەوە و وەرگرتنی سەرانە (جزیە)و خەراجی زەوی کشتوکاڵیدا، چەندین جوڵانەوە و ڕاپەڕین ڕوویانداوە بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەو کەسانەی کە ئەرکی وەرگرتنی ئەم کارەیان پێسپێردرابوو، لە ساڵی (٢١٧ک/ ٨٣٢ز) لە میسر جوڵانەوە و ناڕازایەتییەک دروستبوو، بە هۆی زیادکردنی باجەوە(مسعود، ٢٠١٧، ص٦٥٩)، مسوڵمان و قیبطییەکانیش دژ بە دەوڵەت ڕاپەڕین، بۆیە خەلیفە مەئمون بڕیاریدا خۆی بڕوات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە(الکندی، ٢٠٠٤م، ص٢٣٦؛ فوزیە، ٢٠١٦م، ص٦٤).

(عیسای کوڕی مەنصور) لە ساڵی (٢١٦ک/٨٣١م) بوو بە والی میسر، عەرەب وقیبطی(ابن تغری البردی، ١٩٣٠، ج٢، ص٢١٥) و بشمورەکان شۆڕشێکیان بەرپاکرد، کە بە گەورەترین شۆڕشی میسریەکان دادەنرێت لە ساڵی (٢١٦ک/٨٣١م)(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٦؛ الدوری، ١٩٩٧م، ص١٧١) دژ بە خیلافەی عەباسی ئەنجامدرابێت(مسعود، ٢٠١٧، ص٦٥٩)، واتە بە هاوبەشی مسوڵمان و مەسیحی پێکەوە شۆڕشەکەیان هەڵگیرساندووە(مسعود، ٢٠١٧، ص٦٥٩)، ڕاپەڕینێکی جددییان ئەنجامدا کە هەموو میسری سەرەوەی گرتەوە، العبادي، د.س، ص١٠٦).

میسری خواروو کە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵییە و ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی تێدا نیشتەجێ بوو(الدوری، ١٩٩٧م، ص١٧١)، هەستان بە دەرکردنی نوێنەر و کارمەندەکانی والی لە ناوچەکە، بڕیاریاندا چیتر ملکەچی فەرمانەکانی نەبن، بەهۆی ئەوەی گوزەرانێکی خراپیان هەبوو لە سایەی دەسەڵاتدارێتی والی و نوێنەرەکانی دەسەڵاتی خیلافەدا(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٦)، پاشان خەلیفە مەئموون هێزێکی بە فەرماندەیی ئەفشین ناردە سەر قیبطییەکان و بشمورەکان بەڵام ئامادە نەبوون گوێڕایەڵبن، بۆیە مەئموون فەرمانی کرد بە کوشتنی پیاوەکان و فرۆشتنی ژن و منداڵەکانیان، ژمارەیەکی زۆریشیان لێکردن بە کەنیزەک(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٧). لەبەرئەوەی باج و خەراجێکی زۆریان لەسەر دانرابوو، شەڕێکی گەورە لە نێوان میسریەکان و سەربازەکانی فوسطاط ڕویدا، لەبەرئەوە خەلیفە مەئمون لە ساڵی (٢١٧ک/٨٣٢م) خۆی ڕۆشت بۆ میسر(الکندی، ٢٠٠٤م، ص١٤٤؛ المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٦)، بڕیاریدا والی میسر (عیسای کوڕی مەنصور) لە والی میسر دووربخاتەوە، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو دەستگیری کرد و جلی سپی لەبەرکرد وەک سزایەک. خەلیفە مەئمون وتی: "ئەم ڕووداوە شتێکی گەورە نەبوو بەڵکو ئەنجامی کار و کردەوەکانت بوو، بارێکی وەهات داوە بەسەر هاوڵاتیاندا توانای هەڵگرتنیان نەبوو، ئەمەشت شاردەوە تاوەکو کارەکە لەدەست دەرچوو، ئاژاوە و خۆپیشاندان وڵاتی گرتەوە"(المقریزی، ١٩٩٨م، ج١، ص٢٣٧)، مەئمون توانی کۆتایی بەم شۆڕشە بهێنێت و ئاسایش بگێڕێتەوە بۆ میسر(تاجر، ٢٠١٢م، ص٨٦)، ماوەی هەشت مانگ شۆڕشەکەیان بەردەوام بوو(العبادي، د.س، ص١٠٧)، ئەمەش کۆتا شۆڕشی بشمور و قیبطییەکان بوو لە سەردەمی یەکەمی عەباسیەکاندا، قیبطییەکان پەیتا پەیتا مسوڵمان دەبوون(کاشف، ١٩٩٤م، ص٢٣٨)، بە جۆرێک دەستەمۆ و سەرکز بوون ئیدی توانای ئەوەیان نەما بەرەنگاری والی و نوێنەرەکانی خەلیفە ببنەوە(المقریزی، د.س، ص١٠١).

هەندێک لە نووسەران بە هەڵە لێکدانەوە بۆ ئەم شۆڕشە دەکەن، دەیگێڕنەوە بۆ هەستی ئاینی و نەتەوەیی قیبطی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم شۆڕشە هیچ پەیوەندییەکی بە هەستی نەتەوایەتی و ئاینی قیبطییەکانەوە نەبوو(مسعود، ٢٠١٧م، ص٦٦٠)، بەڵکو ئامانجی قیبطییەکان لەم شۆڕش و ڕاپەڕینانە ئەوە بوو کە باج کەم بکەنەوە و ڕزگاریان بێت لە نادادپەروەری هەندێک لە والی و فەرمانڕەواکان(العکیدی، ٢٠٢٠م، ص٥٥٥).

ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە جۆرێک لە ئاوێتەبوونی دروستکرد، هەردوو پێکهاتە ئاینییەکەی کۆکردەوە، کە یەک ئامانجی هاوبەشیان هەبوو ئەویش ڕزگاربوون بوو لە دەستی ستەمی والی عەباسییەکان و کەمکردنەوەی باج وخەراج، کەوابوو چەوساندنەوەی ئابووری دەبێتە هۆی کۆکردنەوە و یەک دەنگی گەلان بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانەوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت شۆڕشی بشمورەکان، شۆڕشێکی ئاینی مەسیحی نەبووە لە دژی ئاینی ئیسلام، یان شۆڕشێکی نەتەوەیی قیبطی نەبوو دژی نەتەوەی عەرەب بێت، بەڵکو شۆڕشێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بوو، هەموو میصریە ستەملێکراوەکان تێیدا بەشداربوون، بە عەرەب و مسوڵمانەوە، لە دژی زوڵم ستەم و چەوساندنەوە. بە تایبەتی ئەوانە کە خەریکی پیشەی کشتوکاڵی بوون(العکیدی، ٢٠٢٠م، ص٥٥٥).

## تەوەرەی سێیەم/ شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی (شام، عێراق، یەمەن)

## یەکەم/ جوڵانەوەو ڕاپەڕینەکانی شام:

لە وڵاتی شامیش گەلێک ڕاپەڕین ڕوویانداوە، بەڵام ئێمە پەنجە دەخەینە سەر گرنگترین و بەهێزترین ڕاپەڕینەکان لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاپەڕینانە دەخەینەڕوو کە هۆکاری ئابووری لە پشتەوەیە.

### أ/ ڕاپەڕینی خەڵکی جەبەل لوبنان(جبل لبنان):

ئەو سیاسەتی باجەی کە کە دەوڵەتی عەباسی پەیڕەوی دەکرد لە وڵاتی شام بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەنار دەریا بوو بە هۆکاری چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین(التدمری، ١٩٩٢م، ص٢٧)، خەڵکی جەبەل لوبنان نارەزایەتییان دەربڕی و بەرهەڵستی سەرپەرشتیاری خەراجی بەعلەبەگیان کرد و لە ڕوویدا وەستانەوە(البلاذری، ١٩٠١م، ص١٦٩)، بۆیە صاڵحی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەباس هێزێکی سەربازیی بۆ ناردن ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن، پاشان ئەوەی مایەوە لە خەڵکی جەبەل لوبنان گەرانەوە بۆ شوێنی خۆیان، لەم ڕووداوەدا ئیمامی ئەوزاعی نامەیەکی سەرزەنشتکارانە بۆ صاڵح دەنێرێت، پێی دەڵێت: تۆ چۆن شەڕی قەومێک دەکەیت لە جەبەل لوبنان هەموویت تاوانبار کردووە، واتە تەڕو وشکت پێکەوە سوتاندووە، کە هەندێکیان بەشدار نەبوون لەو یاخی بوون و ڕاپەڕینە تۆ دەست لێیان نەپاراستووە کوشتوتن(البلاذری، ١٩٠١م، ص١٦٩)، وەهەر بەوەشەوە ناوەستا باسی فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بۆ دەکات (وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ)( سورة: فاطر، اية: ١٨) واتە: هیچ گوناهبارێك گوناهی کەسی تر هەڵ ناگرێ لە ڕۆژی دوایدا(عبدالکریم، ٢٠١٨ز ، ل٤٣٦).لەسەر ئەوەی کەسێک ئازار و ئەزێتی ئەهلی ذیمە بدات و بارێکی قورس بهێنیت بەسەریاندا، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی: من لە ڕۆژی دوایدا یەخەی دەگرم، ئەم شۆڕشە لە ساڵی (١٤٠ک/٧٥٧ز) بەرپا بوو، ئەویش بە هۆی زیادکردنی باج و خەراجی سەر مەسیحییەکان بوو(کاتبی، د.س، ص٢٠٢).

### . ب/ شۆڕشی موبەرقوعی یەمانی (المبرقع اليماني)

لە کۆتاییەکانی سەردەمی یەکەمی عەباسی لە وڵاتی شام لە ناوچەکانی فەلەسطین و ئەردەن شۆڕشێک بەرپابوو، لە لایەن کەسێک بە ناوی (المبرقع) کەناسراوە بە ئەبی حەربی یەمانی (أبي حرب اليماني)(ابن خلدون، ج٣، ٢٠٠٠م، ص٣٣٧.)، لە ساڵی (٢٢٧ک/٨٤١ز) (أبو يوسف، ١٩٨١م، ص٢٠٧)، هۆکاری دروستبوونی شۆڕشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک کۆمەڵێک سەرباز دەیانەوێت بڕۆنە ماڵ ئەبی حەرب خانەوادە و خێزانەکەی ڕێگری دەکەن لە چوونە ژوورەوەی سەربازەکان، لە بەرامبەردا سەربازێکیان بە قامچی دەدات لە ژنەکەی ئەبی حەرب(الذهبي، ١٩٩٣م، ج١٦، ص٢٧)، شوێنی قامچییەکە لە دەست و باڵی ژنەکەی دیاری دەبێت، لە کاتی گەڕانەوەی

موبرەقع خێزانەکەی تەواوی چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە(المسکویه، ٢٠٠٠، ج٤، ص٢٧٣)، لە کاردانەوەی ئەم ڕووداوەدا موبرەقع دەڕوات سەربازەکە دەکوژێت(الذهبي، ١٩٩٣م، ج١٦، ص٢٧)، پاشان هەڵدێت بۆ چیای غەور (الغَوْر) لە ئەردەن(الطبری، د.س، ج٩، ص١١٦) دەموچاوی خۆی داپۆشی هەتا کەس نەیناسێتەوە(ابن خلدون، ٢٠٠٠، ج٣، ص٣٣٧)، ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد "لەسەر فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە"(ابن عساکر، ١٩٩٥م، ج٦٦، ص١٣٥)، باسی عەیب و خراپەکانی خەلیفەی عەباسی بۆ خەڵک دەکرد" بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە بنەماڵەی ئومەوییەکانە، خەڵکێکی زۆر دوای کەوتن، لە چینی جوتیاران و دانیشتوانی گوندەکان، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتییە دیارەکانی یەمانییەکان و دانیشتوانی دیمەشق بەدەم بانگەوازەکەیەوە چوون(المسکویه، ٢٠٠٠م، ج٤، ص٢٧٣؛ ابن عساکر، ١٩٩٥م، ج٦٦، ص١٣٧)، دەیانگوت ئەمە ئەو سوفیانیە کە چاوەڕێی بووین(ابن کثیر، ٢٠٠٧م، مج٥، ص٧٤٠).

عەباسییەکان بە چاوی گومان و بە وریاییەوە سەیری وڵاتی شامیان دەکرد، بەهۆی دڵسۆزی و خۆشەویستی زۆری دانیشتووانەکەی بۆ ئومەوییەکان، عەباسییەکان ئەو باجانەی بەسەر خەڵکی شامدا سەپێندرابوو زیادیان دەکرد بە شێوازێکی توندوتیژ و سەخت مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکەکە دەکرد، ئەم سیاسەتەی باج و خەراج کۆکردنەوە یەکێک بوو لە هۆکارە خێراکانی ڕوودانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان لە دژی عەباسییەکان(العقرباوی،٢٠١٨م).

تا دەهات ژمارەی لایەنگرانی موبرەقع زیادی دەکرد کە مەزندە دەکرا بە سەد هەزار کەس، بڕیاریدا بانگەواز و شۆڕشەکەی لە شاخەوە بۆ شاری ڕەملە بگوازرێتەوە کە بە قەڵای یەمانییەکان دادەنرا (العقرباوی، ٢٠١٨م) کاتێک خەلیفە موعتەسەم هەستی بە مەترسی شۆڕشەکەی کرد ڕەجائی کوڕی ئەیوبی حضاری بە هەزار سەربازەوە نارد بۆ شەڕی موبرەقع(الطبری، د.س، ج٩، ص١١٧)، بەڵام لە سەرەتادا ڕەجاء شەڕی دەستپێنەکرد، بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا لەبەرئەوەی زۆربەی سەربازەکانی موبرەقع لەو کەسانە بوون کە بە پیشەی جوتیارییەوە خەریک بوون، لە وەرزی کشتوکاڵکردندا دەڕۆشتن بۆ زەوی کێڵان و بە کاری جوتیارییەوە خەریک بوون(ابن کثیر، ٢٠٠٧م، مج٥، ص٧٤٠)، کاتێک پەرش و بڵاو بوونەوە و ڕۆشتن بەدەم کاری خۆیانەوە و وازیان لە شۆڕشەکە هێنا، ژمارەیان کەم بووەوە(المسکویه، ٢٠٠٠م، ج٤، ص٢٧٤)، لەو کاتەدا رجاء لە ڕەملە هێرشی کردە سەریان و ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن، کە مەزندە دەکرا بە بیست هەزار و ئەبو حەربیشی بەدیلگرت و ڕەوانەیکرد بۆ سامەڕا(الطبری، د.س، ج٩، ص١١٨)، سەبارەت بە هەڵگیرسانی شۆڕشەکە دەیگێڕنەوە بۆ هۆکاری خودی تاکە کەسی موبرەقع(ترف، ٢٠١٥م، ص٨٢).

بە چی پێوەرێک شۆڕشێکی سەد هەزار کەسی بە هۆکاری خودی دروست دەبێت، ئەگەر خەڵکەکە خۆی تووڕەیی و بێزاریی نەگەشتبێتە لوتکە، ئەم شۆڕشە ڕاستەوخۆ باس لە ڕەهەندی ئابووری ناکات، بەو پێیەی زۆربەی لایەنگرانی لە چینی جوتیار بوون بە شۆڕشی جوتیارانیش بە ناوبانگە(العقرباوی،)، بەطریک تەلمەحری ئاماژە بەوە دەکات کە سی هەزار لە لایەنگرانی موبرەقع زیاتر لەو خەڵکانە بوون کە برسی و بێ دەرەتان و ڕەش و ڕووت بوون(التلمحري، ٢٠١٤م، ص١٠٥)، هەموو ئەمانە وەک بەڵگەیەک وایە کە ئەم شۆڕشە ڕەهەندی ئابووری هەبووە، جوتیارەکان بەهیوای کەمکردنەوەی باج و خەراج و خەڵکە هەژارەکەش چاوی لەوە بووە ڕزگاری ببێت لەو ژیانە کولەمەرگییەی کە تێیدابوو لەژێر دەسەڵاتی عەباسیدا، بەو هیوایەی لە سایەی شۆڕشی ئەبو حەربدا ژیانی بگۆڕێت، واتە بە گشتی پاڵنەری خەڵکەکە لایەنە ئابوورییەکە و خراپی ئاستی ژیان بووە

## دووەم/ شۆڕش و ڕاپەڕینی عێراق

### أ/ شۆڕشی زەت (زط) لە عێراق:

زەتەکان لە باشوری عێراق لە نێوان بەصرە و واسط نیشتەجێبوون(البلاذری، ١٩٠١م، ص١٧٩)، لەو گەلانی خەڵکی سەند بوون(البلاذری، ١٩٠١، ص١٦٩)، خەریکی بەخێوکردنی گامێش بوو(الدوری، ١٩٩٧، ص١٨٧).

لەسەردەمی خەلیفە مەئمون باشووری عێراق بووە شانۆی ڕوودانی شۆڕشێکی گرنگ(کریمة، ٢٠١٩، ص٦٠)، لە مێژووی خیلافەی

عەباسیدا شۆڕشەکانی(زط، زەنج) لە باشووری عێراق نمونەیەکن لە چەوساندنەوەی ئابووری، کە خەڵکەکە بە پیشەی جووتیارییەوە خەریکبوون و کاریان دەکرد، بەڵام لە بەرامبەردا مافەکانی خۆیان پێ نەدەدرا(خلیل، ٢٠١٩ز، ل٣٣٤)، لە ژیانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نارەحەتدا بوون(عبدالرحمن، ١٤٣٨ھ، ص١١٥)، بێبەشکرابوون لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی لەلایەن دەوڵەتەوە، خانووەکانیان لە کوخ دروستکرابوو، خواردنیان زیاتر ڕاوکردنی ماسی و خواردنە دەریاییەکان بوو(العبد المولی، ٢٠١٧، ص٨٨)، بارودۆخی ژیانیان لە ئاستێکی خراپدا بوو(الدوری، ١٩٩٧، ص١٨٧)، برسێتی هۆکارە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کرنگترین شتێک کە پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە دابین بکرێت بژێوی ژیانی هاوڵاتیانە، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێت: (الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ)( سورة: قريش، اية:٤)، واتە: (ئەو زاتەی لە برسێتی ڕزگاری کردون و خۆراکی پێبەخشین، لە ترسی دز و ڕێگر پاراستوونی و ئاسایشی بۆ دابین کردوون)(عبدالکریم، ٢٠١٨ز، ل٦٠٢).

مێژوونووسان باسی ئەو هۆکارە راستەقینانە ناکەن کە بوونە هۆی یاخیبوونی زەتەکان، ئایا دەگەڕێتەوە بۆ کەمکردنەوەی مافە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانیان، یان نایەکسانی لە نێوان ئەوان و باقی موسڵمانانندا؟ یان لەبەر پشتبەستنیان بە دزی و تالانکردن وەک سەرچاوەیەکی ئاسانی داهات؟ لە کتێبەکانی مێژوودا باسیان لە دیدگای ئەوان و ئامانجەکانی شۆڕشەکەیان نەکردووە، سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمە زۆرترین جار ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشانەیان گەڕاندوەتەوە بۆ هۆکاری سیاسی، ئاینی، نەتەوایەتی، بەڵام لێکۆڵینە نوێکان دەیگێڕنەوە بۆ خراپی ئاست بژێوی ژیانیان، کێشەی زەت لە باشووری عێراق بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی بزووتنەوەکەیان لە ساڵی (٢٠٥ک/٨٢٠ز) چڕتر بووەو لە ڕۆژانی خەلافەتی مەئموندا، سوپای لە دژیان ئاراستە کرد(قصاب، ٢٠١٨م) بە فەرماندەیی عیسای کوڕی یەزیدی ئەلجولدی(الجبالی، ٢٠١٠م، ص١٢٣٠)، چونکە هۆکاری ئاژاوە و پشێوی بوون(برۆکلمان،٢٠١٧ز، ل١٧٤)، لە ساڵی (٢٠٦ک/٨٢١ز) خەلیفە مەئمون فەرمانیکرد داودی کوڕی ماسجوری بۆ شەڕکردنی زەتەکان بڕوات(الطبری، د.س، ج٨، ص٥٨١؛ ابن کثیر، ٢٠٠٧، مج٥، ص٦٩٩)، بەڵام نەیتوانی سەربکەوێت بەسەریاندا و کۆتاییان پێبهێنێت(طقوش، ٢٠٠٩، ل١٧٦)، چونکە زەتەکان بڵاوەیان لێدەکرد و خۆیان لە ناو دارستانەکان و شوێنە چۆڵەکاندا دەشاردەوە(یاسین، ٢٠١٧ز، ل١٦٠)، دەکرێت بڵێین زەتەکان زیاتر ئامانجەکانیان ئابووری بووە، وەک لەوەی سیاسی بێت، چونکە زیاتر هەوڵیاندەدا ئاستی بژێوی ژیان و گوزەرانیان باش بکەن(کریمة، ٢٠١٩، ص٦٥). توانیان سوود لە ناکۆکی نێوان ئەمین و مەئمون وەربگرن، دەسەڵاتیان بەهێز بوو دەستیان بەسەر ڕێگای بەصرە و بەغداد گرت(الطبری، د.س، ج٩، ص٨؛ المسکویة،٢٠٠٠، ج٤، ص١٧٧؛ طقوش، ٢٠٠٩، ل١٧٦؛ برۆکلمان، ٢٠١٧، ل١٧٤)، هەڵدەسان بە تالانکردنی بەروبومەکان(ابن کثیر، ٢٠٠٧،مج٥، ج١٠، ص٧٢٥)ئەو بارودۆخە سیاسیەی لەو سەردەمەدا هەبوو کاریگەری هەبوو لە دەرکەوتنی جوڵانەوەی زەتەکان چونکە دەسەڵاتی ناوەندی لاواز بوو بە هۆی کێشەی نێوان ئەمین و مەئمون(العبد المولی، ٢٠١٧، ص٨٧)، ئەمەش بوو بە هۆی مایەپوچی خەزێنەی دەوڵەت و کەمبوونەوەی داهاتی ئابووری، لە لایەکی دیکەوە تێکڕای باج و خەراج کەمیکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتیارانی باج و خەراج لە هەندێک لە ناوچەکاندا هەوڵی بەرزکردنەوەی داهاتیان دەدا بە شێوازێکی توندوتیژ ڕەفتاریان لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد(العبد المولی، ٢٠١٧، ص٨٧).

ئەمەش هانی خەڵکی هەرێمە جیاوازەکانی دەدا بۆ پەرپاکردنی شۆرش لە ناوچە جیاوازەکان(العبد المولی، ٢٠١٧، ص٨٧). لە میسر و عێراق و شام، خەلیفە مەئمون سەرکەوتوو نەبوو لە کۆتاییهێنان بە شۆڕشی زەتەکان، بەڵکو بەردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی(ترف، ٢٠١٥، ص٧٩) خەلیفە موعتەصەم دەسەڵاتی وەرگرت و بڕیاریدا هەموو شۆڕشەکانی ناوخۆ سەرکوت بکات، ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ڕۆمەکان پشتگوێ بخات(العزیز، ٢٠٠٠، ص٣٠٨)، بە پێویستی زانی ڕێوشوێنی توند لە دژی جوڵانەوەی زەت بگرێتەبەر(برۆکلمان، ٢٠١٧ز، ل١٧٤)، چونکە وێرانکاری زۆریان لە بەصرە کردبوو(الجبالی، ٢٠١٠م، ص١٢٤٠)، بۆیە لە ساڵی (٢١٩ک/٨٣٤ز) هەستا بە ناردنی (عوجەیفی کوڕی عەنبە) بۆ شەڕی زەتەکان کە دەستیان بەسەر تەواوی بەصرە و ڕێگاکاندا گرتبوو(المسکویة، ٢٠٠٠، ج٤، ص١٧٧؛ ابن الجوزی، ١٩٩٢م، ج١١، ص٤٢)، بە تایبەتی ڕێگای کەنداو  شط العرب کە " شادەماری ئابووری و بازرگانی خیلافەی عەباسی بوو"(التلمحري، ٢٠١٤م، ص٢٤) باجیان لەو کەشتیانەش وەردەگرت کە دەچوونە ناو شاری بەغداد(العبادي، د.س، ص١٠٨)، هەتا وای لێهاتبوو مەترسییان دروستکردبوو لەسەر گەیشتنی خواردەمەنی بۆ بەغدادی پایەتەخت(العبادي، د.س، ص١٠٨)، هەروەها دانەوێڵە و خەرمانی خەڵکیان تالان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دەکرد، عوجەیف لە واسط نزیک بووەوە، گەمارۆی دان و تەواوی ڕێگاکانی لێبەستن(الطبری، د.س، ج٩، ص٩؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧م، ج٦، ص١٦)، لە جەنگێکدا سێ سەد کەسی لێکوشتن(ابن الجوزی، ١٩٩٢م، ج١١، ص٤٢)و پێنج سەدیشی بەدیلگرت، دواتر دیلەکانیشی کوشت و کەلەسەرەکانی ناردن بۆ خەلیفە موعتەصەم(الطبری، د.س، ج٩، ص٩؛ ابن خلدون، ١٩٨٨م، ج٣، ص٣٢١؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧م، ج٦، ص١٦).

عوجەیف ماوەی حەوت مانگ مایەوە هەتا توانی سەرکەتن مسۆگەربکات(ابن الاثیر، ١٩٨٧م، ج٦، ص ١٦)، زەتەکان ناچار بوون داوای ئەمانیان کرد عوجەیف هەمویانی بە کەشتی گواستەوە بۆ بەغداد کە ژمارەیان بیست و حەوت هەزار کەس بوو(ابن خلدون، ٢٠٠٠م، ج٣، ص٣٢١؛ ابن کثیر، ٢٠٠٧، مج٥، ص٧٢٦)، بە پیا و ژن و منداڵ و شەڕکەرەوە، لەمانە دوازدە هەزاریان شەڕکەربوون(طبری، د.س، ج٩، ص١٠)، لە ساڵی (٢٢٠ک/٨٣٥ز) گەیشتنە بەغداد پاشان گواسترانەوە بۆ خانەقین دواتر بۆ سنوری ڕۆژهەڵات بۆ ناوچەی (عەین زەربە) لەوێ ڕۆمەکان هێرشیان کردە سەریان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و کەسیان لێ دەرنەکردن(الطبری، د.س، ج٩، ص١٠؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧، ج٦، ص ١٦؛ ابن خلدون، ٢٠٠٠م، ج٣، ص٣٢١).

ئەگەر سەیری ڕەفتارو مەرامی زەتەکان بکەین زیاتر ئامانجی ئەوەیان هەبوو دەست بۆ بنەما ئابوورییەکان ببەن نەک ئامانجی سیاسی یان ئاینیان هەبێت، هەڵیان دەدا دەستبگرن بەسەر خۆراک و دانەویڵەو باج وەربگرن لە خەڵکی ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر مەرامیان بوو لە برسێتی ڕزگاریان ببێت، بۆیە پەنایان بۆ دزیکردنیش دەبرد

ب/ شۆڕشی جەعفەری کوڕی میر جیش (جعفر بن میهرجیش):

ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن میرێکی کوردەوە بەرپاکراوە، لە سەرچاوە کوردییەکاندا بە جەعفەری کوڕی میر خۆشی ناوی هاتووە(مرعی، ٢٠٢٠م)، کۆمەڵێک لە کوردەکانی موسڵ بەسەرکردایەتی جەعفەری کوڕی میر حەسەن لەسەردەمی خەلیفە موعتەصەمدا ڕاپەڕین لە دژی خیلافەتی عەباسی(زەکی بەگ، ٢٠٢١ز، ل٢٤٦)، ساڵی ڕوودانی شۆڕشەکە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا جیاوازە، طبری ساڵی (٢٢٧ک/٨٤١ز) بە ڕاگەیاندنی شۆڕشی جەعفەر دادەنێت دژ بە خیلافەتی عەباسی( د.س، ج٩، ص١١٨)، بەڵام ئەزدی(١٩٦٧م، ص٤٣٠)، ابن خەلدون(٢٠٠٠م، ج٣، ص٣٣٤) و ابن الاثیر(١٩٨٧م، ج٦، ص٥٧) ساڵی (٢٢٤ک/٨٣٨ز) ئەمین زەکی بەگ ساڵی (٢٢٥ک/٧٢٩ز) (٢٠٢١ز، ل٢٤٦) بە دەستپێکی شۆڕشەکە دادەنێن.

سەرچاوەکان هۆکاری شۆڕشەکەیان ڕوونەکردووەتەوە، ئبن خەلدون تەنها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە دژی دەسەڵاتی عەباسی ڕاپەڕیوە( ٢٠٠٠م، ج٣، ص٣٣٤) جەعفەر یەکێک بوو لەو سەرکردە کوردانەی کە دەسەڵاتی والی و کاربەدەستانی عەباسی لە شاری موسڵ ڕەتدەکردەوە(صدیق، ٢٠١٨م، ص١٣٦) لە سەرەتای دەرکەوتنیدا ناوچەیەکی فراوانی نێوان موصل و ئازەربایجان و ئەرمینیا کەوتە ژێر دەستییەوە(المسعودی، ٢٠٠٠م، ق٢، ص٦٠٥؛ الدوری، ١٩٩٧م، ص١٩٣). جاری یەکەم عەبدوڵای کوڕی سەید ڕۆشت بۆ شەڕی جەعفەر بۆ بابغیش*، بەڵام جەعفەر ڕێگای چیای داسنی گرتەبەر و خۆی تێدا دامەزراند(الازدی، ١٩٦٧م، ص،٤٣٠)، شەڕێکی توند ڕوویدا لە نێوانیاندا عەبدوڵا شکستی هێنا و ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی کوژران(ابن الاثیر، ١٩٨٧م، ج٦، ص٥٧)، بۆیە خەلیفە موعتەصەم ئیتاخی فەرماندەی نارد بۆ شەڕی جەعفەری مهرجشی کوردیی و ژمارەیەکی زۆری لە هاوڕێکانی کوشت(الطبری، د.س، ج٩، ص١١٨)، توانی شۆڕشەکە سەرکوت بکات و لەناوی ببات، شۆڕشی کوردانی چیای داسین مەترسییەکی ڕاستەقینەی بۆ دەوڵەتی عەباسی درووستکرد، سەیر نییە کە مەسعودی و کەسانی دیکە کۆتایی هێنانی شۆڕشەکە بە یەکێک لە گرنگترین هەشت دەستکەوتەکەی خەلیفە موعتەصەم دادەنێن(٢٠٠٠م، ق٢، ص٦٠٥).

ئیتاخ پارەی شۆڕشگێڕانی تاڵان کرد و ژن و منداڵەکانی کردن کۆیلە و ناردنی بۆ تکریت(ابن الاثیر، ١٩٨٧م، ج٦، ص٥٨) "تەرمی جەعفەر لە بەرەکانی جەنگدا نەهێڵدرایەوە، بەڵکو بردرایە سامەڕا، بەڵام جەعفەر خۆی نەدا بە دەستەوە بەڵکو خۆی درمانخوارد کردوو پیاوانە کۆتایی بە ژیانی خۆیهێنا"(زەکی بەگ، ٢٠٢١ز، ل٢٤٦)، دەینەوەری دەڵێت: جەعفەری کوردیی لاشەکەی لە تەنیشت لاشەی مازیار و بابەکی

خورەمییەوە لە سامەڕا هەڵواسرا(الدینوری، ١٩٦٠م، ص٤٠٢).

ئارشاک پۆڵادیان پێی وایە هۆکاری ئەم ڕاپەڕینە دەگەڕێتەوە بۆ "ئەوکۆت و بەندە ئابوورییانە کە فەرمانڕەوایانی عەرەب بەسەر خەڵکیدا سەپاندبوویان، هەر لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینییەوە بوو بە دیاردەیەکی سروشتی لە خیلافەتی عەباسیدا"( پۆڵادیان، ٢٠٠٨ز، ل٧٦)، ئەو باجە قورسانەی کە دەسەپێندرا بەسەر گەلی کوردا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەم شۆڕشەدا، کاربەدەستانی خیلافە لە بەغداد گوێیان لە چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی (مرکزی) نەبوو، بەڵکو زیاتر گرنگیان بە وەرگرتنی ئەو باج و خەراجانە دەدا کە دەستیان دەکەوت لەڕێگەی کارمەندانی(عامل) وەرگری باجەوە(الدوسکي، ٢٠٢١م، ص١١٣).

ئەم ڕاپەڕینە کوردییە و ئەوانەشی کە لەو سەردەمەدا بەرپا بوون بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو نەبوون، بەڵکو بە شێوەیەکی هەڵەشانە بەرپا بووە، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتر نەبووە بۆیە زانیاری پێویستمان لەبەر دەستدا نییە هەتا ئامانجە ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان دیاری بکەین(پۆڵادیان، ٢٠٠٨ز، ل٧٧). ئەو هۆکارانەی دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین ئەم شۆڕشە زیاتر خۆی لە زوڵم و ستەمی والی و کاربەدەستانی عەباسیدا دەبینێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیەي:

ئەگەر شۆڕشی مازیارو ئەفشین بۆ ئەوەبێت بیانەوێت بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵاتی ڕابردووی پاشاکانی ساسانی و باوباپیرانیان، ڕزگاریان ببێت لە حوکمی عەرەب و ئیسلام، یان بابەکی خورەمی شۆڕشەکەی زیاتر ئاینی بێت هەوڵ بۆ زیندوکردنەوەی ئاینی کۆنی ئێرانی و مانی و مەزدەکی بێت، ئەی ئەبێت هۆکارو پاڵنەری شۆڕشەکە جەعفەر چی بێت؟

کورد لە پێش ئیسلامدا دەسەڵاتدار نەبوون هەتا هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی بدەن، وەک فارسەکان کە دەوڵەتی سەدان ساڵەیان بووبێت و لە لایەن عەرەبە مسوڵمانەکانەوە لە ناوبرابێت، یان ئاینێکی تایبەتی بەخۆی نەبووە، لە دەستی دابێت و هەوڵ بۆ گەڕانەوەو باڵا دەستی بدات. ئەگە تێبینی بکەین هاوکاری کردنی کورد بۆ گروپەکانی خەواریج زیاتر خۆی لە هۆکارە ئابوورییەکەدا دەبینیەوە کە نەدانی باج و خەراج و جزیە بوو. بۆیە دەڵێین لە پاڵ هۆکارەکانی دیکەدا ئەگونجێت هۆکاری ئابووریش دەوری هەبووبێت بۆ ئەم شۆڕشە، دەرئەنجامی لاساری و خراپی ڕەفتاری والی وکاربەدەست و فەرمانبەرانی کۆکردنەوەی باج و خەراج بوبێت کە بە درێژای چەندین ساڵ بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە کردویانە، چونکە ڕاپەڕینەکە جگە لە کورد خەڵکی دیکەش تێیدا بەشداربوون و هاوکاری جەعفەر بوون.

## سێیەم/ شۆڕشی یەمەن:

یەمەنیش وەک بەشێکی خیلافەی عەباسی گرنگی خۆی هەبوو، ئەمیش چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین تێیدا ڕویداوە لە نمونەی ئەو جوڵانەوە گرنگانە.

أ/ شۆڕشی هەیصەمی کوڕی عەبدولمەجیدی هەمەدانی (الهیصم بن عبدالمجید الهمداني):

بە شێوەیەکی گشتی یەمەن ناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگ بوو لە سەردەمی عەباسییەکاندا(ناصر السیف، ١٩٩٧م، ص٢٠٤.) ، خیلافەی عەباسی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسەتی ئیستغلالی بەکاردەهێنا بۆ دەستبەسەرداگرتنی باج و خەراج(شمسان، ٢٠٠١م، ص١٠٧)، لەگەڵ سامانی سروشتیی یەمەن، خەلیفە ڕەشید خەڵکی دەنارد بۆ یەمەن بۆ دەریای عەدەن بۆ گەڕان بەدوای عەنبەردا (الادریسي، ١٤٠٩هـ، ج١، ص٦٦؛ عبد المنعم الحمیری،١٩٨٠م، ص٤٦٦) دانیشتوانی یەمەن لە سایەی دەسەڵاتی خیلافەی عەباسیدا لە ئازار و هەژاریدا دەژیان(شمسان،٢٠٠١م، ص١١٢)، هەندێکجار باجێکی زۆریان لەسەر دادەنرا(ناصر السیف، ١٩٩٧م، ص٢٠٤)، ئەمەش دەبووە هۆکاری ناڕەزایی جەماوەری، بۆیە لەساڵی (١٧٩ک/٧٩٥ز) شۆڕشێک بەرپابوو(الیعقوبی، ٢٠٠٢م، ج٢، ص٢٨٩)، بە سەرکردایەتی هەیصەمی کوڕی عەبدولمەجید لە دژی والی یەمەن حەمادی بەربەری (حماد البربري)(عبدالمجید الیماني، ١٩٨٥م، ص٢٧)، لەسەردەمی خەلیفە هاروندا (الزرکلي، ٢٠٠٢م، ج٨، ص١٠٥)ئەمەش لە ئەنجامی ئەو زوڵم و ستەمەی دەیکرد بەرامبەر بە خەڵکی یەمەن شۆڕشەکە بۆ ماوەی نۆ ساڵ بەردەوام بوو(شمسان، ٢٠٠١م، ص١٤٨)، بە یەکێک لە شۆڕشە درێژخایەنەکان دادەنرێت، هەرچەندە لە کۆتایدا توانیان سەرکردەی شۆڕشەکە (هەیصەم) بگرن، بەڵام نەتوانرا ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکە بگەڕێننەوە هەتا بڕیاری دوورخستنەوەی حەمادی بەربەری والی

یەمەن درا(الدوری، ١٩٩٧م، ص١١٠)، کە بۆ ماوەی سیازدە ساڵ والی یەمەن بوو(الیعقوبی، ، ج٢، ص٢٨٩). ئەوەی هۆکاربوو بۆ لاوازی شۆڕشەکەوگرتنی ئیبن هەیصەم برایەکەی خۆی بوو به ناوی (ئیبراهیم) کاتێک حەمادی بەربەری ئەمان و دڵنیایی پێدا پشتی لە شۆڕشەکە کرد(الزرکلی، ٢٠٠٢م، ج٨، ص١٠٥) لە یەکێک لەو جارانەی کە حەمادی بەربەری لەگەڵ کارمەندەکانی کۆکردنەوەی باج دەڕوات زۆر خۆبەزلزانانە ڕەفتار دەکات و ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکە دەدات، کۆمەڵێک لە کەسایەتییە دیارەکانی کوشتن و هەندێکیان وڵاتیان بە جێهێشت(شمسان، ٢٠٠١م، ص١١٢). لە پاڵ ویستی کەسێتی ئیبن هەیصم خۆی بۆ شۆڕشکردن، زوڵم و ستەمی والی حەمادی بەربەری هۆکاری سەرەکی بوو(السروری، ١٩٩٤م، ص٦٤٩).

سەبارەت بە چارەنووسی ئیبن هەیصەم باس لەوەدەکرێت دوای دەسگیردەکردنی خۆی و خێزان و منداڵەکانی و برازاکەی لە شاری ڕەقە لە خاچ دەدرێت(أبو جعفر البغدادي، د.س، ص٤٨٨).

ئەگەر ورد ببینەوە لەم شۆرشە دەبینین لە پاڵ هۆکاری ویستی کەسایەتی تایبەتی سەرکردەی شۆڕشەکە بوبێتە هۆی یاخیبون لە دەسەڵاتی والی و خیلافە، ئەوا کۆبونەوەی خەڵکی و هاوکاریکردنی شۆڕشەکەو بەردەوامبوونی بۆ ماوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی خراپی دەسەلاتدارانی خیلافەی عەباسی لە کاتی کۆکردنەوەو وەرگرتنی باجدا.

ب/ عبدولرەحمانی کوڕی ئەحمەد (٢٠٧ک/٨٢٢ز):

لە ساڵی (٢٠٧ک/٨٢٢ز)(ابن تغری البردی، ١٩٣٠م، ج٢، ص١٨٣) یەکێک لە نەوەکانی ئیمام عەلی بە ناوی (عبدولڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەبدوڵا کوڕی محەمەدی کوڕی عومەری کوڕی عەلی کوڕی ئەبی طالیب) لە یەمەن لە دژی دەسەڵاتی والی خیلافەی عەباسی شۆڕشی ڕایگەیاند(. ابن الاثیر، ١٩٨٧م، مج٥، ص٤٦٨)، لە ژێر دروشمی ڕەزامەندی بنەماڵەی محەمەد ﷺ (الرضی من ال محمد ﷺ) شۆڕشەکەی ڕاگەیاند(الطبری، ج٨، ص٥٩٣؛ ابن کثیر، ٢٠٠٧م، مج٥، ص٧٠٠).

ڕاستە شۆڕش و جوڵانەوەکەی لە ژێر ئەم دروشمەدا بوو، بەڵام هۆکارە سەرەکییەکەی شتێکی دیکە بوو، ئەویش خراپ مامەڵە کردنی کاربەدەستانی یەمەن بوو لەگەڵ خەڵکیدا(الطبری، ج٨، ص٥٩٣؛ ابن کثیر، ٢٠٠٧م، مج٥، ص٧٠٠؛ ابن تغری البردی، ١٩٣٠م، ج٢، ص١٨٣)، خەلیفە مەئمون سوپایەکی تۆکمەی بە سەرکردایەتی دیناری کوڕی عەبدوڵا نارد بۆ یەمەن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشەکە، بەڵام خەلیفە مەئمون داوای کرد سەرەتا نامەی ئەمان و دڵنیایی و ئاسایش و پاراستنی سەروماڵ نیشانی عەبدولڕەحمان بدەن(ابن کثیر، ٢٠٠٧، مج٥، ص٧٠٠؛ ابن الاثیر، ١٩٨٧م، مج٥، ص٤٦٨)، ئەوە بوو عەبدولڕەمان بە ئەمانەکە ڕازی بوو بڕیاریدا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی مەئمون ببێت، یەوەش کۆتایی بە شۆڕشەکەی هێنا(ابن کثیر، ٢٠٠٧م، مج٥، ص٧٠٠؛ ابن تغری البردی، ١٩٣٠م، ج٢، ص١٨٣).

دینار دەستی خستە ناو دەستی عەبدولڕەحان ڕۆشتن بۆ بەغداد بۆلای خەلیفە مەئمون، بەڵام مەئمون موڵەتی نەدا بە بینینی عەبدولڕەحمان و خانەوادەکەی هەتا جل و بەرگی ڕەش نەپۆشن(ابن الاثیر، ١٩٨٧، مج٥، ص٤٦٨؛ الطبری، ج٨، ص٥٩٣)، کە ڕەمزی بنەماڵەی عەباسییەکان بوو. ڕاستە ئەم شۆڕشە لە ژێر ناونیشانێدا بووکە داوای وەرگرتنی دەسەڵاتی دەکرد، بەڵام لەئەنجامی مامەڵەی خراپی دەسەڵاتداران بە تایبەت کارمەندانی باج کە زۆرترین بەرکەوتەیان لەگەڵ خەڵکیدا هەبووە ئەمەش دەبووە هۆکاری ئەوەی خەڵکێ زۆر لە دەوری کەسایەتیە ئاینی و سیاسیەکان کۆببنەوە لە هەرکاتێکدا شۆڕشیان بکردایە. بە هیوای ئەوە بوون باری سەرشانیانیان سوک بکرێت لە کاتی وەرگرتنی خەراجدا.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم چەند خاڵە

١.لەهەر شوێنێک چەوساندنەوەو سەرکوتکردن و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت شۆڕش و نارەزایەتی لێ بەرهەم دێنێت.

٢.سەردەمی یەکەمی عەباسی ئەگەرچی سەردەمی هێزو دەسەڵاتیان بوو، بەلام نەتوانرا رێگر بێت لە چەندین شۆرش و راپەرینی بەهێز.

٣. هەڵسوکەوتی نابەرپرسارانەی بەشێک لە والی و کاربەدەستانی خیلافەتی عەباسی، کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، هۆکاربوون بۆ گەلێک لە راپەرینەکان.

٤. باج وخەراج کە پایەیەکی گرنگی ئابووری بوو لە خیلافەتی عەباسیدا، بەکارهێنانی توندوتیژی لە شێوازی وەرگرتنەکەی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دەستێکردنی راپەرینەکان.

٥. لە پاڵ هۆکارە ئابووریەکاندا هەندێجار هۆکارە سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان پێکەوە دەبوونە هۆی هەڵگیرساندی شۆرش و راپەرێنی بەهێز.

الحوف: لە میسر دوو حوفمان هەیە هەردووکیان دراوسێی یەکدین، یەکەمیان لە رۆژهەڵاتە بە ئاراستەی وڵاتی شام، دووەمیان حوفی رۆژئاوایە لە نزیک دومیاطە. (یاقوت، ١٩٩٥، ج٢، ص٣٢٢)

بوشمورەکان: ئەمانە کۆمەڵەیەک بوون کە بە ئازایەتی و توندوتیژی ناسرابوون، مەیلیان لە شۆرش و یاخیبوون بوو، بەهۆی سروشتی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژیان، ئەمیش دەکەوێتە ناوچە کەناراوییەکانی دەلتا لە نێوان دومیاط و رەشید(کاشف، ١٩٩٤م، ص٢٣٧).

الفسطاط: شارێکی بەناوبانگی مصرە لەلایەن عەمری کوڕی عاصەوە دروستکراوە. ( القزويني، د.س، ص٢٣٦)

## لیستی سەرچاوەکان:

**١.القران الكريم**

**مصادر:**

١. الدينورى، أبو حنيفة أحمد بن داود (ت: ٢٨٢هـ) (١٩٦٠م)، الأخبار الطوال، تح: عبد المنعم عامر
مراجعة: الدكتور جمال الدين الشيال، ط١، دار إحياء الكتب العربي، القاهرة.

٢. عبدالمجيد اليماني، تاج الدين عبدالباقي(١٩٨٥م) تاريخ اليمن مسمى بهجة الزمن فى تاريخ اليمن، تح: مصطفى حجازي، ط٢، دار الكلمة، صنعاء.

٣. المسعودى، أبى الحسن على بن الحسين المسعودى(ت:٣٤٦هـ) (٢٠٠٠م)، التنبية والاشراف، القسم الثانى،علق وحواسية: قاسم وهب، وزارة الثقافة، د.ط، دمشق-سوريا.

٤. الازدى، أبى زكريا يزيد بن محمد بن اياس بن قاسم (ت: ٣٣٤هـ-٩٤٥م) (١٣٨٧هـ-١٩٦٧م)، تاريخ الموصل، تح: على حبيبه، ، د.ط، القاهرة.

٥. مؤلف مجهول(٣٧٢هـ) (١٤١٩هـ/١٩٩٩م)، حدود العالم من المشرق الى المغرب، تح: يوسف الهادى، ط١، دار الثقافية للنشر، القاهرة.

٦. أبو جعفر البغدادي، محمد بن حبيب بن أمية بن عمرو الهاشمي(ت: ٢٤٥هـ) (د.س)، المحبر، تح: إيلزة ليختن شتيتر، د.ط، دار الآفاق الجديدة، بيروت.

٧. ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد(ت: ٨٠٨هـ) (١٤٢١هـ / ٢٠٠٠م)، ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، تح: خليل شحادة، ط٢، دار الفكر، ج٣، بيروت،


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٨. الذهبى، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز (ت: ٧٤٨هـ) (١٤١٣ هـ / ١٩٩٣م)، تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تح: عمر عبد السلام التدمري، ط٢، دار الكتاب العربي، ج١٦، بيروت.

٩. المسكويه: أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: ٤٢١هـ) (٢٠٠٠م)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تح: أبو القاسم إمامي، ط٢، الناشر: سروش، ج٣، طهران.

١٠. الذهبى، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان (ت:٧٤٨) (د.س)، العبر فى خبر من غبر، ج١، تح: ابو هاجر محمد السعيد بن بسيونى زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

١١. المقريزى، تقي الدين أحمد بن علي(١٩٩٨م)، الموعظ والأعتبار بذكر الخطط والاثار العروف بالخطط المقريزية، تح: محمد زينهم و مديحة الشرقاوى، مكتبة مدبولي، ط١، قاهرة، ، ج١.

١٢. البيهقي، فريد خراسان على بن زيد (ت: ٥٦٥هـ) (١٤٢٥هـ/٢٠٠٤م)، تاريخ بيهق، تر و تح: يوسف الهادي، ط١، دار اقرأ، دمشق-سوريا،

١٣. ابن كثير، أبي فداء اسماعيل ابن كثير القريشى الدمشقي (ت: ٧٧٤) (١٤٢٨هـ/ ٢٠٠٧م)، البداية والنهاية، اعتن بهذه الطبعة ووثقها: عبدالرحمان و مخمد غازي بيضون، ط١٠، دار المعرفة، بيبروت-لبنان،

١٤. ابن تغرى البردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف(١٤٣٩هـ/١٩٣٠م)، النجوم الزاهرة، ط١، دار الكتب المصرية، ج٢، قاهرة.

١٥. المقريزى، تقي الدين(د.س)، تاريخ الاقباط المعروف بالقول الابريزى، تح: د.عبدالمجيد دياب، د.ط، دار الفضيلة، د.م.

١٦ عبد المنعم الحميرى، أبو عبد الله محمد بن عبد الله بن (ت: ٩٠٠هـ) (د.س) الروض المعطار في خبر الأقطار، تح: إحسان عباس، ط٢، مؤسسة ناصر للثقافة، بيروت.

١٧. البلاذرى، احمد بن يحي بن جابر البغدادى(١٩٠١م)، فتوح البلدان، ط١، مطبعة الموسوعات، مصر.

١٨. ابن الاثير(١٤٠٧هـ/ ١٩٨٧م)، كامل فى التاريخ، ط١، دار الكتب العلمية، مخ٥، مج٦، بيروت-لبنان.

١٩. خليفه بن خياط، أبي عمر(ت:٢٤٠هـ) (١٤١٥هـ ، ١٩٩٥م)، تاريخ خليفه بن خياط، تح: د.مصطفى نجيب فواز، د.حكمت كشلى فواز، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

٢٠. ابن الجوزى، أبي فرج عبدالرحمن بن علي بن محمد (ت:٥٩٧هـ) (١٤١٢هـ/١٩٩٢م)، المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تح: محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، ج٨، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.

٢١. حسين الازدي، جمال الدين أبو الحسن علي بن منصور ظافر (ت:٦١٣هـ/ ١٢١٦م) (١٩٩٩م)، أخبار الدول المنقطعة، تح: د.عصام مصطفى هزايمة، د. محمد عبدالكريم محافظة واخرون، ط١، مؤسسة حمادة و دار الكندى للنشر، ج٢، اربد-أردن.

٢٢. الجهشيارى، أبي عبدالله محمد بن عبدوس (١٣٥٧هـ/ ١٩٣٨م)، كتاب الوزراء والكتاب، حققه و وضع فهارس: مصطفى السقا و ابراهيم الابيارى و عبدالحفيظ الشلبى، ط١، مطبعة مصطفى البابى، قاهرة.

٢٣. اليعقوبى، أحمد بن اسحاق بن جعفر(ت: ٢٩٢هـ) (١٤٢٣هـ /٢٠٠٢م)، تاريخ اليعقوبى، علق عليه ووضع حواشيه: خليل المنصور، ط٢، دار الكتب العلمية، ج٢، بيروت-لبنان،

٢٤. ابن العبرى، غريغوريوس أبي فرج (١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م)، تاريخ مختصر الدول، تصحيح و فهرسته: الأب أنطون صالحانى اليسوعى، ط٢، دار الرائد اللبنانى، لبنان.

٢٥. ابن طقطقى، محمد بن علي بن طباطبا (د.س)، الفخري فى الادب السلطانية والدول الاسلامية، دار الصادر، د.ط، بيروت.

٢٦. التلمحري، البطريرك ديونيسيوس(٢٠١٤م)، رحلات البطريرك ديونيسيوس التلمحري فى عهد الخليفتين المأمون والعتصم، تح: تيسير خلف، ط١، دار السويدى، أبو ظبي- الامارات العربية المتحدة.

٢٧. الكندى، ، أبي عمر محمد بن يوسف بن يعقوب(ت: ٣٥٣) (١٤٢٤هـ/٢٠٠٤م)، الولاة والقضاة، تح: محمد حسن محمد و أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، ط١، بيروت-لبنان،

٢٨. الادريسي، محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس الحسني الطالبي، (ت:٥٦٠هـ) (١٤٠٩ هـ /١٩٨٠م) نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، ط١، عالم الكتب، ج١، بيروت.

٢٩. الطبرى، أبو جعفر محمد بن جرير(٢٢٤-٣١٠هـ) (د.س)، تاريخ الرسول والملوك، تح: محمد أبو فضل ابراهيم، ط٣، دار المعاريف، ج٨، قاهرة.

٣٠. المجهول(٢٠٠٦م)، تاريخ سجستان، تر: محمود عبدالكريم على، ط١، مجلس الأعلى للثقافة، قاهرة.

٣١. القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت: ٦٨٢هـ) (د.س)، آثار البلاد وأخبار العباد، د.ط، دار صادر، بيروت.

٣٢. ياقوتى، شهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي الحموي (ت: ٦٢٦هـ) (١٩٩٥م)، معجم البلدان، ط٢، دار صادر، ج٢ بيروت.


**المراجع:**


١. عبدالرزاق، محمود اسماعيل(١٤٠٦هـ/١٩٨٥م)، الخواريج فى بلاد المغرب حتى منتصف القرن الرابع الهجرى، ط٢، دار الثقافة، المغرب.

٢. عدوان، محمد أحمد(١٤١٠هـ/١٩٩٠م)، موجز فى تاريخ دويلات المشرق، الاسلامى، دار العالم الكتب.

٣. كاشف، سيدة اسماعيل(١٩٩٤م)، مصر فى فجر الاسلام من الفتح العربى الى قيام الدولة الطولونية، د.ط، الهيئة المصرية العامة للكتاب، د.م.

٤. صديق، زرار(٢٠١٨م)، الكرد فى العصر العباسى١٣٢-٣٣٤هـ/٧٤٩-٩٤٦م، ط١، دار المكريانى للطباعة والنشر، أربيل- اقليم كردستان العراق.

٥. العانى، حسن فاضيل زعين(١٩٨١م)، سياسة المنصور أبى جعفر الداخلية والخارجية، شبكة كتب الشيعة، بغداد،

٦. عزام، خالد(٢٠٠٩م)، موسوعة التاريخ الاسلامى، العصر العباسى، دار أسامة، د.ط، الأردن-عمان،.

٧. العيدروس(١٤٣٢هـ/ ٢٠١١م) محمد حسن، تاريخ السياسي والحظاري للدولة العباسية، ط١، دار الكتاب الحديث، القاهرة.

٨. التدمرى: عمر عبدالسلام(١٤١٣هـ/١٩٩٢م)، لبنان من قيام الدولة العباسية حتى سقوط الدولة الاخشيدية (١٣٢-٣٥٨هـ/٧٥٠-٩٦٩م)، ط١، جروس بونس، طرابلوس.

٩. كاتبى، غيداء خزنة(د.س)، الخراج منذ الفتح الاسلامى حتى أوسط القرن الثالث الهيجرى الممارسات والنظرية، ط٢، ناشر: مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت – لبنان.

١٠. مصطفى، شاكر(١٩٧٣م)، دولة بنى العباس، ط١، وكالة المطبوعات، ج١، الكويت.

١١. شمسان، امان أحمد(٢٠٠١م)، اليمن فى العصر العباسى الأول (١٣٢-٢٠٣هـ/٧٥٠-٨١٨م)، ط١، دار الثقافة العربية، الشارقة-الامارات العربية المتحدة.

١٢. العسيري، أحمد معمور، موجز التاريخ الإسلامى، منذ عهد آدم عليه السلام (تاريخ ما قبل الاسلام) إلي عصرنا الحاضر ١٤١٧هـ/١٩٩٦-١٩٩٧م، مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر، ط١، د.م، ١٤١٧هـ/١٩٩٦م.

١٣. ا.س، ترتون (د.س)، أهل الذمة فى الاسلام، تر و تع: حسن حبشى، د.ط، دار الفكر العربى، د.م.

١٤. خليفة، حسن(د.س)، الدوله العباسية قيامها وسقوطها، ط١، مطبعة الحديثه، قاهرة.

١٥. العزيز، حسين قاسم(٢٠٠٠م)، البابكية الانتفاضة ضد الخلافة العباسية، د.ط، دار المدى، دمشق-سوريا.

١٦. عبدالرحمن، محمد نصر و محمد صقر الدوسري(١٤٣٨هـ)، تاريخ الدولة العباسية فى العصر العباسى الاول، مركز الترجمة والتاليف والنشر جامعة ملك فصل.

١٧. العبادي، أحمد مختار(د.س)، في التاريخ العباسي والفاطمي، د.ط، دار النهضة العربية، بيروت.

١٨. شاكر، محمود(١٤٢١هـ/٢٠٠٠م)، التاريخ الاسلامى الدولة العباسية، ط٦، المكتب الاسلامى، ج١، بيروت.

١٩. تاجر، جاك(٢٠١٢م)، أقباط و مسلمون، د.ط، مؤسسة هنداوى، القاهرة-مصر.

٢٠. حسن، ابراهيم حسن(١٤١٦هـ/١٩٩٦م)، تاريخ الاسلام السياسى والدينى والثقافى والاجتماعى، ط١٤، دار الجيل و مكتبة النهضة المصرية، ج٢، بيروت، القاهرة.

٢١. أيوب، ابراهيم(١٩٨٩م)، التاريخ العباسي السياسي والحضاري، ط١، دار الكتاب العالمي، بيروت-لبنان.

٢٢. الزركلي، خير الدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس، الأعلام، ط١٥، دار العلم للملايين، ج٨، ٢٠٠٢م.

٢٣. اليوزبكي، توفيق سلطان، تاريخ أهل الذمة في العراق (١٣-٢٤٦هـ)، ط١، دار العلوم للطباعة والنشر، رياض، سعودية،١٤٠٣هـ/١٩٨٣م

٢٤. . صديقى، غلام حسين(٢٠١٠م)، الحركات الدينية المعارضة للاسلامية فى ايران فى القرن الثانى والثالث والهجريين، تر: مازن اسماعيل النعيمي، دار الزمان، ط١، دمشق-سوريا

٢٥. الهامى، محمد (٢٠١٣م)، العباسيون الاقوياء رحلة العباسيين منذ بداية الثورة وحتى نهاية عصرهم الذهبي، ط١، مؤسسة اقرأ، القاهرة.

٢٦. اقبال، عباس و پيرنيا حسن و باجابي، پرويز(١٩٨٩م)، تاريخ ايران بعد الاسلام من بداية الدولة الطاهرية حتى نهاية الدولة القاجارية، تح و نقل عن الفارسية: د. محمد علاالدين منصور، د.ط، دار الثقافة، قاهرة-مصر.

٢٧. الدورى، عبدالعزيز(١٩٩٧م)، العصر العباسى الاول دراسة فى التاريخ السياسى والادارى والمالى، ط٣، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت-لبنان.

**سەرچاوەی کوردی:**

١. برۆكلمان، كارل (٢٠١٧ز)، مێژووی گەلانی موسڵمان، و: عومەر عەلی غەفور، چ١، ناوەندی مێژووی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی،

٢. یاسین، باقر (ز٢٠١٧)، مێژووی خوێناوی عێراق ڕووداوەکان هۆکارەکان چارەسەرەکان، و: حەمە ساڵح گەلاڵی، چ٢، چاپخانەی حەمدی.

٣. العريشى، يوسف (٢٠١٨ز)، عەباسیەکان مێژووی سەردەمی خەلافەت، و: ڕووپاک کاخدر حەمەد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چ٢، هەولێر.

٤. طقوش، محەمەد سوهێل (٢٠٠٩ز)، پوختەی مێژووی ئیسلامی، و: نیهاد جلال حبیب الله، چ١، دار الفكر، بيروت- لبنان.

٥. القطان، أحمد و محمد طاهرالزين (١٤٣٩ک/٢٠١٨ز)، هارونە ڕەشید خەلیفەی ستەم لێکراو، و: عەلی صالح میران، چ١، نەسینگەی تەفسیر، هەولێر.

٦. زەكی بەگ، محەمەد ئەمین (٢٠٢١ز)، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی-هەرێمی کوردستان، بەرگی یەکەم.

٧. پۆلادیان، ئارشاک (٢٠٠٨ز)، کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، و: جەلیل کاکەوەیس، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاویەر.

٩. خەلیل، عیمادەدین (٢٠١٩ز)، دەروازەیەک بۆ مێژووی ئیسلام، و: د. زانا محەمەد ئەمین سەعید، چ١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی.

١٠. عبدالكريم، صلاح الدين (٢٠١٨ز- ٢٧١٨کوردی- ١٤٣٩ک)، تەفسیری ڕێبەر، هەولێر، چ١، ب.چ.

**سەرچاوەی فارسی:**

١. غبار، میر غلام محمد(١٣٧٥)، افغانستان در مسیر تاریخ، جل١، چاپخانه نهضت، چ١، قم.

٢. مجهول(د.س)، مجمل التواریخ والقصص، تصحیح: ملک الشعرای بهار، د.چ، نشر الکترونیک: بهمن انصاری، د.م.

٣. اسلام نیا، فریدون، (د.س) نگاهی به تاریخ ایران بعد از اسلام، مؤسسة انتشارات حوسیني اصل، د.چ، د.م.

٤. گردیزی، ابو سعید عبدالحی بن ضحاک بن محم (٤٤٢-٤٤٣هـ) (١٣٦٣)، زین الاخبار (تاریخ گردیزی)، تصحیح و تعلیق: عبدالحی حبیبی، چ١، دنیای چاپ، تهران-ایران.

٥. زرین کوب، عبدالحسین (د.س)، دوقرن سکوت، چ٢، د.ط، ب.م.

٦. حبیبی، عبدالحی(١٣٤٥)، تاریخ افغانستان بعد از اسلام، انجمن تاریخ أفغانستان، کابل، جل١.

٧. حمدوالله مستوفی (د.س)، تاریخ گزیده، د.چ، نشر الکترونیک: بهمن انصاری، د.م.

**نامەی ئەکادیمی:**

١. ترف، علاءحسين (١٤٣٦هـ/٢٠١٥م)، أساليب الدولة العباسية فى تثبيت السلطة حتى نهاية عصر المتوكل(١٣٢-٢٤٧هـ)، جامعة كوفة، أطروحة دكتورا.

٢. كريمة، بخوش(٢٠١٨-٢٠١٩م)، الحركات المناهضة للدولة العباسية في عهد الخليفة المأمون (١٩٨-٢١٨هـ / ٨١٣-٨٣٣م)، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، السنة الجامعية، ، (ماستەرنامە) بڵاونەکراوە.

٣. الزيتاوى، معزوزة على موسى، الحركات الفاسية غير الاسلامية فى المشرق فى العصر العباسى الاول، ٢٠٠٣م، (رسالة دكتورا) جامعة الاردن.

٤. فوزيه، مناصرى و جلال فطيمه، (١٤٣٦-١٤٣٧هـ / ٢٠١٥-٢٠١٦م)، النشاط الزراعى فى العصر العباس الاول، (١٣٢ - ٢٣٢هـ/ ٧٥٠-٨٦١م)، (رسالة ماجستير)، جامعه دكتور يحي فارس.

٥. العسيري، أحمد معمور(، ١٤١٧هـ/١٩٩٦م)، موجز التاريخ الإسلامى، منذ عهد آدم عليه السلام (تاريخ ما قبل الاسلام) إلي عصرنا الحاضر ١٤١٧هـ/١٩٩٦-١٩٩٧م، مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر، ط١، د.م

٦. أحمد بديوى، خالد محمد، الحياة السياسية والادارية والاجتماعية والثقافية فى عصر المأمون(١٧٠-٢١٨هـ)، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، د.س.

**گۆڤار:**

١. حسن، ابوبكر دێوانە و موسى محمد خضر(٢٠٢٠ز.)، هۆکاری ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دژی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢-٢٣٢ک/٧٤٩-٨٤٦ز) بە پێی سەرچاوە فارسییەکان، گۆڤاری توێژەر، بەرگی٣، ژمارە٣، پاییز.

٢. محمود، سمية عزيز(٢٠٠٨م)، القائد العباسي هرثمة بن أعين ودوره السياسي والعسكري في العصر العباسي الاول، مجلة الفتح، عدد: ٣٦، تشرين الاول.

٣. مسعود، غادة محمد خالد(١٤٤٢هـ/٢٠٢٠م)، ثورة البشمور (٢١٦-٢١٧هـ/٨٣١-٨٣٢م)، مجلة كلية الاداب، العدد:٦١، أغسطس ٢٠١٧، جامعة منصورة.

٤. العكيدى، عمار حسون عبو، العلاقة بين الاقباط البشمور والولاة العباسيين فى مصر (١٣٢-٢٢٧هـ/٧٥٠-٨٣١م)، مجلة اداب الرافدين، العدد: ٨٢، سنة، الخمسون،

٥. الدوسكي، رمزية حمزة حسن و گولێ حسين محمد(٢٠٢١م)، إرهاب الخليفة المعتصم بالله (٢١٨-٢٢٧هـ/ ٨٣٣-٨٤١م) للكورد واضطهادهم سنة ٢٢٦هـ/٨٤٠م، مجلة جامعة دهوك، المجلد: ٢٤ ،العدد: ١، العلوم االنسانية واالجتماعية،

٦. الجبالى، خالد(٢٠١٠م.)، الزط وأثرهم فى تاريخ الدولة العربية الاسلامية(١-٢٩٥هـ/٦٢٢-٩١٥م)، المجلة العلمية بكلية الأداب، العدد: ٢٣.

٧. حسن، ناجى(٢٠٠٥م)، الاثر الاقتصادي في الحياة السياسية في العصر العباسي الاول(١٣٢-٢٣٢هـ)، مجلة كلية الاداب، العدد: ٧١، جامعة بغداد،

٨. اسماعيل، صلاح كانبي، و شوان عثمان و عطا عبدالرحمن محى الدين(٢٠٢٠م)، دور الدافع الاقتصادي في الثورات والانتفاضات (٤٤ – ٢٣٢هـ/٦٦١ –٨٤٦م(، گۆڤارى زانكۆى گەرميان، خولى: ٦، ژماره: ٤، نەورۆز.

٩. ناصر السيف، عبدالله بن محمد ((١٤١٧هـ/ ١٩٩٧م)، الزراعة في جنوب الجزيرة العربية في العصر العباسي حتى نهاية القرن الرابع الهجري، مجلة جامعة الملك سعود، مج٩، الآداب

١٠. العبد المولى (٢٠١٧م)، عصام منصور صالح، حركة الزط في العصر العباسي الأول، مجلة البحوث التاريخية، المجلد١، العدد:٢.

١١. السرورى، محمد عبده (١٩٩٤م)، الحركات المناهضة للخلافة العباسية في اليمن من عهدالرشيد حتى عهد الواثق (١٧٠-٢٣٣هـ/ ٧٨٦-٨٤٧م)، مجلة كلية الاداب، العدد:١٧، جامعة صنعاء.

**سايت:**

١. قصاب، رغد(٢٠١٨م)، ثورة الزط، http://omferas.com/vb/t63754، كۆتا سەردان ٢٠٢٢/٥/٣١

٢.فروشانى، نيعمت الله صفرى، قيام هاى ايرانيان در عصر اول عباسى، http://tarikh.nashriyat.ir/node/٣٣٧#_٢٧ . كۆتا سەردان ٢٠٢٢/٧/٤.

٣. العقرباوى، حمزة(٢٠١٨م)، المُبرقع اليمانيّ ثورةٌ انطلقت من جبال الغور، متراس (metras.co) كۆتا سەردان. ٢٠٢٢/٦/٢٦.

٤. مرعى، فرست،(٢٠٢٠م)، حركة جعفر الكردي في عهد الخليفة المعتصم باالله العباسي( ٢٢٤-٢٢٦هـ/ ٨٣٩-٨٤١م)، https://zahawi.org/?p=2979&lang=ar. كۆتا سەردان. ٢٠٢٢/٧/١٤.